# Consequences of coronavirus anxiety in Kurdish poetry

Halmat Baiz Rasool[1], Hiwa Adam Faqe Awla[2]
[1]Department of Kurdish, Faculty of Education, Soran university

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.04*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*Every literary text has more or less a psychological character. However, some characteristics of the text, due to the subject and events within the text, take on more psychological characteristics of the text. One of these psychological dimensions of the text is the manifestation of the consequences of anxiety within the text. anxiety in the context of author, reader, and text; This is one of the main concepts of the psychological dimension of the text, especially in the coronavirus pandemic within the framework of epidemic literature has its own psychological characteristics. The coronavirus event and literature as a current issue brings about many changes in the nature of literature, forms and aesthetic concepts, so this research entitled (Consequences of coronavirus anxiety in Kurdish poetry) aims to show the relationship between the event and the epidemic. The level of anxiety about how the poet examines himself through the symbolism of poetic language manifests itself in various forms.*

***Keywords:*** *corona, anxiety, psychological dimension, loneliness, self, unconsciousness*

# لێکەوتەی دڵەڕاوکێی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا

پ. ی. د. هەڵمەت بایز رەسول[1]

halmat.rasool@soran.edu.iq

بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، ز. سۆران

هیوا ادم فقی عولا

haf430h@kua.soran.edu.iq

**پوختە**

هەموو دەقێکی ئەدەبی، کەم تا زۆر خەسڵەتێکی دەروونیی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک تایبەتمەندیی دەق، بەهۆی بابەت و ڕووداو لەناو دەقدا زیاتر تایبەتمەندییە دەرونییەکانی دەق دەگرنە خۆیان. یەکێک لەو ڕەهەندە دەروونییانەی دەق، دەرکەوتەی لێکەوتەی دڵەڕاوکێییە لەناو دەقدا. دڵەڕاوکێ لە چوارچێوەی نووسەر و خوێنەر و دەقدا، یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ڕەهەندی دەروونیی دەق، بە تایبەتی لە پەتای کۆرۆنادا لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی پەتادا خەسڵەت و تایبەتمەندیی دەروونیی خۆی هەیە. ڕووداوی کۆرۆنا و ئەدەبیات وەک بابەتی ئێستایی زۆر گۆڕانکاری لە باری ماهیەتی ئەدەب و فۆڕم و چەمکە ئێستاتیکییەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ناونیشانی توێژنەوە (لێکەوتەی دڵەڕاوکێی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا) ئامانجی دەرخستنی پەیوەندییەکانی ڕووداو و پەتایە. ئاستی دڵەڕاوکێ لە چۆنیەتیی بەناوخۆداچوونەوەی شاعیر لەڕێی بەهێمابوونی زمانی شیعرییەوە، بە فۆڕمی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕووداو، کۆرۆنا، ترس، مەرگ، دڵەڕاوکێ، ڕەهەندی دەروونی، تەنیایی، خود، نائاگایی.

# لێکەوتەی دڵەڕاوکێی کۆڕۆنا لە شیعری کوردیدا

## پێشەکی

کۆرۆنا یەکێکە لە ڕووداوە کاریگەرەکانی جیهان لەناو کایە جۆر بە جۆرەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ژینگەیی ئامادەیی هەیە، هەروەها لە زۆر ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە دەتوانرێت فرە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لەناو کایەی ئەدەبی و هونەریدا کۆرۆنا وەک ڕووداوێک بە ئاقاری گۆڕانکاریی ئەدەبی خۆ بەدەردەخات. لە ڕووی ماهییەتەوە کۆمەڵێک تێکستی جۆراوجۆر لە ڕێی خەیاڵسازی و سنووربڕی واقیعەوە وەک بابەت دەبێتە بەرهەمهێنانەوەی زۆرێک لەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بە بوونایەتیی مرۆڤ و تراژیدیا و ڕەهەندی ژیاندۆستی و مەرگدۆستییەوە هەیە. **ناونیشانی توێژینەوەکە "لێکەوتەی دەروونیی کۆڕۆنا لە شیعری کوردیدا"**، گوزارشتە لە دۆخی ئەو ڕووداوەی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، **هۆی هەڵبژاردنی ئەو ناویشانە** دەرخستنی ئاستەکانی دڵەڕاوکێیە وەک ڕەهەندی دەروونی لەناو ئەو لێکەوتە و دەرکەوتانەی کۆڕۆنادا وەک پەتا و ڕووداو ئامادەییان هەیە، لە سنووری ژانری شیعردا و لە سێ کۆمەڵە شیعری چاپکراودا بە ناوی (کات زۆرە بەڵام چی لەکات بکەم، خستنی دەمامکەکان، هەولێر لە سەردەمی کۆڕۆنادا)، (١١) یازدە پارچە شیعرمان بژاردە کردوون، بە نموونەی باشووری کوردستان وەرگیراون.

**ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی پەیوەندییەکانی ڕووداو و پەتایە لە چۆنیەتیی ڕووداوی پەتا لەناو شیعری کوردیدا. لەپاڵ ئەوەشدا دەرخستنی ڕەهەندی دەروونیی دڵەڕاوکێیە، چونکە بەهۆی پەتاو ئاستی نیگەرانی و ترسی پەتاکە لە بەناوخۆداچوونەوەی شاعیردا ئاستە دەروونییەکە کاریگەرتر و بەبڕشتر دەبێت.

**بایەخی توێژینەوەکە:** خۆی لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە: ئایا پەتای کۆڕۆنا، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەدەب و بەرهەمی شیعری بەجێهێشتووە؟ لێکەوتەی دەروونیی دڵەڕاوکێ

لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، تا چ ڕادەیەک لە ڕووداوە هەژەندەکانی ناو کارەساتە مرۆییەکاندا بەئاگایە؟ وەک ڕەهەندێکی دەروونیی دڵەڕاوکێ لە زمانی شیعریی و هێماکانی ئەدەبی لە چ فۆرمێکدا خۆیان دەردەخەن؟ ڕووداوی کۆڕۆنا، لەلای شاعیرانی ئێمە بۆتە سەرچاوەی داهێنان و تەکانی ئەدەبی؟

**میتۆدی توێژینەوە:** وەسفی شیکارییە لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی دەروونشیکارییە بە تایبەتی (شارڵ مۆڕن) کە بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی گەلاڵەکراوی زنجیرەی تیۆرەکانی دەروونشیکارییە.

**پرۆگرامی توێژینەوەکە** لە ڕووی تیۆرییەوە لەپاڵ ناساندنی پەتای ئەدەبیات، بەپێی ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونی ڕوونکردنەوەی چەمکی نائاگایی دڵەڕاوکێ لە فۆڕمی ترس و خۆبەرهەمهێنانەوە و تەنیایی دەلالەتی دڵەڕاوکێ بە پراکتیکی شیعری کوردییەوە ڕاڤەکراوە.

## ئەدەبیاتی پەتا و کۆڕۆنا

ئەدەبیات لەناو ڕووداودا ئامادەیە، پەتاش وەک ڕووداوێک لە فۆڕمی جۆراوجۆردا دەخزێتە ناو ئەدەب. بەهۆی کاریگەریی ڕەهەندی دەروونی، لە بۆتەیەکی ئێستاتیکیدا ئەدەب لەناو ڕووداوێکی پەتادا فۆڕمێکی دەروونی و تراژیدی لەخۆدەگرێت. لەو دۆخەی کە مێژووی پەتا بەسەری تێپەڕ دەبێت، ئەدەب هەڵوەستەی لە بارەوە دەکات. لە پەراوێزی مێژووی ڕووداوەکاندا ئەدەبیات لە ڕێی گێڕانەوەی هونەری و زمانی هونەریی دۆخی دەروونی لێکەوتەکانی پەتا لە پەنای زۆر ڕووداو و چەمکی جۆراوجۆردا، لە دۆخێکی ئێستایی و ورژێنەر و درکپێکردندا، بە کۆمەڵێک چەمکەوە دەیانبەستێتەوە، کە مرۆڤ هەست بکات لەناو ئەو دۆخە دەروونییەدایە. لێدوان و خستنەڕووری ڕەهەندی دەروونیی پەتا، بە فیکر و مەعریفە بارگاوییە، دواجار بە ئامانجە مرۆییەکان و بوونی کۆمەڵایەتی و بەها مرۆییەکانەوە پەیوەست دەبێت. هاوکات هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە مرۆڤ لەگەڵیاندا بەرخورد دەکات، دەشێ دواجار ببنەوە هەوێنی داهێنان و، ئەدەبیات لە ڕێگەی میکانیزمەکانی گێڕانەوە و تۆمارکردن، جۆرێک لە نەمری و جاویدانیەت ببەخشێتە ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە مرۆڤ بە دەوروبەر و ڕووداوەکانەوە گرێدەدات.

لەبارەی ئەدەبیاتی پەتا (ئیپیدیمیک) چەند زاراوەیەکی تایبەت بەو ناونیشانە لە ئارادان وەک ئەدەبی پەتا و، ئەدەبی تاعوون یان زۆرجار بە ئەدەبی بەڵا و کارەساتیش ناودەبرێت، کۆرۆناش دەبێتەوە ئەدەبی بەڵا و کارەسات (سالم،٢٠٢٠: ٧٢). یەکێک لەو زاراوە نوێیانەی کە ئێستا پەیدابووە، بە ناوی ئەدەبی کۆرۆنا و ئەدەبی دوای کۆرۆنایە. زۆرجار ئەدەبیات بەپێی ڕووداوی پەتاکان باسیان لێوەدەکرێت، ئەدەبیاتی پێش پەتای کۆرۆنا بە ئەدەبیاتی پاش کۆرۆنا پۆلێندەکرێت (إبراهيم ، ٢٠٢٢: ١٨١).

کۆرۆنا زۆر ڕەهەندی جیاوازی دەلالی و خوێندنەوەی وەرگرتووە، یەکێک لەوانە وەک ئەدەبیاتی کۆرۆنا هاتووە بۆ ئەوەی جیهانی دوای مۆدێرن بە مێژووەوە ببەستێتەوە، لە ئەدەبی هاوچەرخەوە لە تۆماس مانەوە تا ئەلبێرکامۆ و ئەندرییە و گابرێل گاسیا مارکیز و ساراماگوا زۆری دیکە پەتایان وەک دەلالەت و هێما بەکارهێناوە، وەک درکە و خواستنێک بۆئەوەی پرسی خۆشەویستی و کۆمەڵگا و ئاین و دەسەڵات بخەنەڕوو، هەروەها پرسیاری پەتا پرسیارێکی بوونگەرایانەیە. لە لایەکی دیکەوە، دەرخەری حەقیقەتەی سەردەمی جیهانگەراییە (خوري،٢٠٢٠: ١٤٤).

ئەدەبیاتی پەتا یان(ئیپیدیمیک) بە ئەدەبیاتی گەردوونی دادەنرێ، یەکێک لە ئەرکەکانی دەرخەری باری دەروونی و میکانیزمی بەرگرییە و ئەرکی دڵنەوایی پێشکەش دەکات. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە کیشوەر و ڕەگەز و نەتەوەکان دەبڕێت. پەتاکان جێگەیەکی گرنگیان لە تۆماری مێژووییدا داگیرکردووە، لە مێژوونووسە یۆنانییەکانەوە تا دەگاتەوە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، تا دەگاتەوە بەڵگەنامە و دەقە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆ، ئەدەبیاتی پەتاکان هەوڵی خوێندنەوە و تەوزیفکردنەوەی ئەو پەتایانەی داوە کە دووچاری مرۆڤایەتی هاتوون. کۆمەڵێک وشە دێنە دەربڕین، دەبن بە هێما و ئاماژە. سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ ئەزموونی ڕەهەندی ڕۆحیی خۆی دەخاتەڕوو، ژیان دەگۆڕێت بۆ چیرۆکێک کە دەبێ بگێڕدرێتەوە. چیرۆکەکانی (بۆکاچیۆ)ی ئیتاڵی دیکامێرۆن، هەروەها تاعوون ساڵی ١٧٢٢ی (دیفۆ)، کە تیایدا ڕاستییە بەڵگەنامەییەکان سەبارەت بە ترسناکییەکانی تاعوونی گەورەی لە ندەن لە ساڵی ١٦٦٥دا دەگێڕێتەوە. شارەکە دوای

بڵاوبوونەوەی پەتایەک، ڕووبەڕووی ئاژاوە و خورافات و بێکاری و تالآنکاری و ساختەکاری دەبێتەوە، هەروەها لەم ڕۆمانەدا باس لەوە دەکات کە لە ساڵی ١٦٦٤دا دەسەڵاتدارانی خۆجێیی لە هەندێک ناوچەی لەندەن هەوڵیانداوە ژمارەی گیانلەدەستدان بە تاعوون کەمبکەنەوە و نکوڵی لە مەترسییە ڕاستەقینەکە بکەن (یاحي، ٢٠٢٢: ٦) ئەمەش وەک ڕەهەندی سیاسی زۆرجار لە ڕووداوەکانی دیکەی پەتادا خۆی دووپاتدەکاتەوە، هەروەها لەوەدا لێکچوونێک لەگەڵ هەمان دۆخی ڕووداوی کۆرۆنا ئاماژەپێدەدات.

بەشێک لە ڕووداوەکانی پەتا لەڕێی ئەدەبیاتەوە زیاتر بە مرۆڤایەتی ناسێندراون و ڕەهەندی ئێستاتیکیی فرەواتایان هەیە. ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی لە نووسینی (گابریێل گارسیا مارکێز) لەسەر هاوتەریبیی نێوان کۆلێرا و خۆشەویستی بنیادنراوە، هەروەها ڕۆمانی کوێربوون لە نووسینی (خۆسێ ساراماگۆ) و ڕۆمانی ئیبۆلا ٧٦ لە نووسینی (ئەمیر تاج ئەلسیر) و ڕۆمانی ڕۆژی شەشەم لە نووسینی (ئەندرێ شادید) دەربارەی خەم و خۆشەویستی، هاوکات ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ***تاعونی*** (ئەلبێرت کامۆ) ش، – ١٩٤٧ یەکێکە لەو شاکارانەی دەچێتە خانەی ئەدەبی پەتاوە، (کامۆ، ٢٠١٥ :3)، شاری وەهران دەرگای بەڕووی دەرەوەی خۆیدا دادەخات و دەچێتە دۆخی (کەرەنتین)ەوە، هەمان ڕێسا و کەرەنتینە و قەدەغەکردنی هاتوچۆی نێوان شارەکان و (سەردەمی کۆرۆنا)مان، وەبیردێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە (تاعوون) بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، بەڵام لە زۆر شوێندا، وەک مەجاز و بەهانەیەک کەڵک لە (تاعوون) وەرگیراوە، بۆ وروژاندن و قسەکردن دەربارەی کۆمەڵێک پرسی گرنگی وەک (بوون، ژیان و مردن و چارەنووس، پرسی ئازادیی و یاخیبوون، ئاین و خۆشەویستی و پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و ..هتد).

پەتا وەک ڕووداو تەنها لە ژانرە گێڕانەوەییەکاندا نییە، بەڵکوو لە شیعریشدا ئاماژە و گێڕانەوەی ڕووداو و بەهێماکردن هەن وەکو قەسیدەی کۆلێرای شاعیری بەناوبانگی عێراقی (نازیک ئەلمەلائیک)، هەروەها هاوکاتی ڕووداوی کۆرۆنا ڕۆمانیش بڵاودەبنەوە وەک پەیوەندی

و یەکانگگیری ئەدەب و کۆرنا دەرخەری ئەو ڕاستییە، بۆ نموونە ڕۆمانی بەهاری کۆرۆنای (ئەحمەد ئەلهادی ڕشڕاش) لە عەرببیدا بڵاو دەبێتەوە (کربوسة ٢٠٢٢ : ٩).

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو مەزراندن و بەرجەستەکردنەوەی پەتا لەناو ئەدەبیاتدا زیاتر ڕەخنەکردنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فکرییە، تەنها چوارچێوەگرتنی مێژوویکی دیارکراو نییە، بەڵکو ئەو دەبێتە پاساوێک بۆ بەیانکردنی واقعیەتێکی ئێستایی (هەمان سەرچاوە: ٩)، وەک لە ڕۆمانی (کوێری) بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٩٥ لە نووسینی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ (خۆسێ ساراماگۆ) نووسەرێکی بە ڕەچەڵەک پورتوگالییە، لەم ڕۆمانەی ساراماگۆ، چ لە تاعوونەکەی کامۆ و زۆرینەی بەرهەمەکانی تر، (پەتا) لەو بەرهەمانەدا مێتافۆرە بۆ شتێکی زیاتر لە نەخۆشی، وەک ئەوەی خۆزێ ساراماگۆ خۆی لە دیمانەیەکدا دەربارەی ڕۆمانی(کوێری) ئاماژەی پێدەدات، کوێری کینایەیە لە کوێریی ویژدانی مرۆڤ، جۆرێک کوێرییە کە وامان لێدەکات بەبێ هیچ دژایەتییەک و بۆ تاقیکردنەوەی تویژەکانی بەردی مەریخ، کەشتییەک بنێرینە سەر ئەو هەسارەیە، بەڵام بۆمان گرنگ نییە لەهەمان کاتدا، ملیۆنەها کەس لەسەر ئەو هەسارەیەی خۆمان لە برسان لەناودەچن.

ئەدەب کارەساتەکان لە لایەکەوە دەگەیەنێتە ئاستی مێتافۆر. لە لایەکی دیکەوە، دیسانەوە دەیکات بە دروستکردنی حاڵەتگەلێک کە واقیع تێدەپەڕێنن، بۆیە دەکرێت کۆرۆنا لە واقیعیەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە ببەسترێتەوە بە واقیعیەتێکی سیاسییەوە، بە جۆرێک لە دوای کۆرۆنا یان ئەدەبی کۆرۆنا وەک ڕووداوێک دەکرێتە پاساو، پەراوێزی زۆر ڕووداوی جۆراوجۆربن، تا نووسەران بتوانن گۆشەنیگاکانیان لە پاڵ ئەو ڕووداوە بکەنە ئامانج، کەواتە دوو ئامانج لەناو پەتا دەردەکەوێت، یەکیان گواستنەوەی لێکەوتەکانی کۆرۆنایەک وەک دۆخی مرۆڤایەتی و گەرودوونی و دەروونی، ئەوەی تریان بەهێماکردنی کۆرۆنایە بۆ لێدان و دەرخستنی زۆر ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ڕووداوە هەژێندەکانی وەک پەتا، پێویستییان بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی نووسەران و داهێنەران هەڵیانبمژن و لە بۆتەی دەقێکی باڵا و داهێنەرانەدا بیاندەنەوە. پەتاکان جێپەنجەی

خۆیان لەسەر کلتوور و بیرکردنەوە و نووسراوەکانمان بەجێدەهێڵن، "نەخۆشی و پەتا لە ئێستامان هەروەکو حەوت سەدە لەمەوبەر تەنیا پرسێکی تەندروستی و بایەلۆژی نییە، بەڵکو پرسێکی پڕ لە بەرپرسیاریەتیی فەلسەفە و ڕادیکالیزم و تیئۆری کۆمەڵایەتییە." (عومەر، ٢٠٢٠، dengekan.info) بۆیە دەکرێت ئەدەب تیشک بخاتە سەر پەیوەندیمان بە پەتا هەروەک چۆن بەشێک لە ڕووداوەکان وەک پەتا لەڕێی ئەدەبیات و هونەرەوە پێمان دەگەن و کاریگەرن. مەرج نییە ئەدەبیاتی کۆڕۆنا لە قۆناغی دوای کۆڕۆنادا بنووسرێت، چونکە ئەو دەقانەی باس لە پەتا دەکەن هەمان دۆخی کەرەنتینە و قوربانی و ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییان هەیە، ئەوەی کە دوای کۆڕۆناش دەنووسرێت ڕووداوەکە وەک بەهانە و کەرەسەی ئیلهامە بۆ دیوە پەراوێزخراوەکانی ناو ڕووداوی کۆڕۆنا، بۆیە زۆرینەی نووسەران لە دوای پەتاوە ئامانج و گۆشەنیگاکانیان دەردەبڕن و گوزارشت لەو دۆخە دەکەن.

لە گواستنەوە و گەردانکرنەوەی پەتایەکانیشدا لەنێوان پەتایەک بۆ پەتایەکی دیکە جیاوازیی هەیە. هەموو پەتایەک سامانێکی ئەدەبی نییە، لەناو ئەدەبیاتدا ئەو کاریگەرییە تۆخە بەجێناهێڵێت، بەڵکو بەپێی گۆڕانی قۆناغ و سەردەم، ئاستی کاریگەریی پەتاش دەگۆڕێت. تاعوون و کۆلێرا و سۆریژە و سیل و ئەنفلەونزا و ئایدز نموونەی پەتان، بەڵام هەموویان نابنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبی. ئەدەبی پەتا (ئیپیدیمیک)، بەتەنها وێناندنەوەیەکی مێژوویی پەتا نییە، بەڵکو گواستنەوەی ئەزموون و چەمکەکانی دیکەی ناوەوەی مرۆڤ و گرێدەدرێن بە کۆمەڵێک تێگەیشتن و جیهانبینیی ناو ئەدەبەوە وەک ئەزموونی جۆراوجۆری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی گوزارشت دەکرێن. گەلێک ڕووداوی جۆراوجۆر هەن و دواتر، بوونەتە هەوێنی داهێنان و لە ئێستادا دەرکی ئەو ڕۆژگارانە بکەین.

**ڕووداو وەک سەرچاوەیەک لە گێڕانەوەی ئەدەبیدا**

ڕووداو لەناو ئەدەبیاتدا وەک توخمێکی پێکهاتەیی ئەدەب گرنگیی خۆی هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕووداو دەبێتە پنتێکی گۆڕانکاری و سەرچاوەی شاکار و لێدوانی ئەدەبی. لە باری پێکهاتەی ڕووداو لەناو ئەدەبدا (ئەرستۆ) یەکەم کەس بووە گرنگی و بایەخی بەم چەمکە داوە و لە

کتێبەکەیدا (هونەری شیعر)، دەڵێت: "لەهەموو ڕەگەزەکان گرنگتر ڕووداوە، چونکە بێگومان تراژیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوە و ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە، بەختەوەری و بەدبەختیی مرۆڤیش بە کردەوە بەستراوەتەوە... بەختەوەری و بەدبەختییان بەهۆی کردەوەکانیانەوە دێتەدی" (ئەرستۆ، ٢٩:٢٠١١)، هەروەها لە "کتێبی (چێژی دەق) لای (ڕۆلان بارت)یش ڕووداو گرنگترین ڕەگەزی بنیاتی دەقی ڕۆمانە". (خەیات، ٣٥:٢٠١١) بەڵام ڕووداویش بەتەنیا و سەربەخۆ ناتوانێت قسەی لەسەر بکرێت، واتە هەریەک لە زمان و کەسێتی و شوێن و کاتیش وابەستەن بە ڕووداوەوە، بەو مانایەی کە ڕەگەزەکان تەواوکەری یەکترن و بە نەبوونی یەکێک لە ڕەگەزەکان کەلێنێک لەناو دەقی ئەدەبیدا دروستدەبێت.

ڕووداو "کۆمەڵێک واقیعەی ڕێکوپێکە یان پەرشوبڵاوە لە چوارچێوەی کاتدا، بە شێوەیەکی دیاریکراو تایبەتمەندیی خۆیان وەردەگرن". (سەعید، ٢٩:٢٠٠٩) لەنێو دەقی ئەدەبی، بە پێچەوانەوە ڕووداو لە ژیانی ئاساییدا کاتەکەی دیاریکراوە و ڕووداوێک کاتێ دەخوڵقێ "ڕووداوەکە وەکو خاڵی سەرەکی یان چەقی لێدێ و بە دەوری خۆیدا چەندین بازنەی گەورە و گەورەتر دەکێشێ و بەو شێوەیەش بەردەوامی بەخۆی دەدات". (خەیات، ١٣:٢٠١١) کەوایە ڕووداو بە تەنیا بەڕێوەناچێت، بەڵکو پێویستی بە کاراکتەرێکە بۆ ئەنجامدانی لە کات و شوێنێکدا. ئەگەر کۆرۆنا وەک ڕووداو لە چوارچێوەی کات و شوێندا دەربکەوێت، ئەوا لە تێکستی ئەدەبیدا ڕەهەندی ڕووداو لە پەیوەندیی شوێن و کاتدا دەگۆڕێت، ڕەهەندە ئێستاتیکی و دەلالییەکانی پشتی لێکەوتە واقیعییەکانی کۆرۆنا دەردەخات.

ڕووداو وەک سەرچاوەی دەق کاریگەریی لەسەر شاعیر دروستدەکات و پاڵی پێوە دەنێت، کە بنووسێت و بنەخشێنێت، گێڕانەوەی ڕووداویش نووسەر ئازادە بە پێی پلانی دەقەکە دەکرێت ڕووداوەکە بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو ببەستێتەوە، یاخود یەک لە دوای یەک ڕووداوەکە بگێڕێتەوە. "ڕووداو و بابەت لەیەکتری هەڵکێشراون، زۆرجار بابەتەکە لە مێشکی نووسەردا هاتووچۆ دەکات، تا ڕووداوێک دەیخوڵقێنێ" (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٢٨)، ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ پاسادان دەکات، کە کۆی ئەو دەقانەی بۆ ڕووداوی کۆرۆنا نووسراون، لەبارەی

بابەتەکانی (ترس، دڵەڕاوکێ، تەنیایی، مردن و هتد) پێشتر لە نائاگایی شاعیرەکاندا ئەم بابەتانە ئامادەگییان هەبووە، بەڵام ئەوەی کە وادەکات بێنە سەر کاغەز، خودی کۆرۆنایە وەک ڕووداوێک گۆڕانی دەلالی و ئیستاتیکی لە چەمکەکانەوە زیاتر بەدیدێنێت.

گرنگیی ڕووداو لەنێو ئەدەبدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە "سەنتەری بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە یان ئەو پەیامەیە کە دەقەکەی لەپێناو خوڵقێنراوە، بەڵام ئەم هۆکارە بەس نییە بۆ ئەوەی ڕۆڵ و گرنگیی ڕەگەزەکانی دیکەی (کەسێتی، شوێن، کات) فەرامۆشبکەین". (محەمەد، ٢٠٠٩:٣١) واتە، هێزی ڕووداوەکە بووەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی، لەهەمان کاتدا هەر ڕووداوە لەناو دەقەکانیشدا وا دەکات کە سەرنجی خوێنەری ئەدەبی بەلای دەقەکەدا ڕابکێشێت و وای لێبکات دەست بۆ خوێندنەوەی دەقەکە ببات. دەشێ دەیان و سەدان ڕووداوی هەژەند، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویاندابێت، بەڵام تۆمارنەکراون و بە ئێمە نەگەیشتوون، لە چەند هێما و ئاماژەیەکی سەرەتایی زیاتر، شتێکی ئەوتۆیان لێ بەجێنەماوە، بۆئەوەی لە ڕێی ئەدەبەوە بێنەوە ناو ڕەهەندەکانی خوێندنەوەوە.

ئێمە لە دوو ڕێگاوە هەوڵی نەمرکردنی ڕووداو و کارەساتەکان دەدەین: بە ڕێگەی نووسینەوەی مێژوو، یان بە ڕێگەی هونەر و ئەدەبیات. لەناو ئەدەبیاتی ئێمەدا، شیعر لە مەزراندنی ڕووداو وەک ئەدەبیات پشکی شێری بەردەکەوێت، بۆیە شیعر "پانتاییەکی بەرفراوانی لە ژیانی ڕووناکبیریی ئێمە داگیرکردووە... پێموایە هیچ میللەتێک هێندەی کورد سەری نەکردۆتە شیعر و هۆگری نەبووە، کەم دایک هەیە سەرپێیی شیعری بۆ کۆرپەکەی نەوتبێ" (حەسەن، ٢٠٠٥: ٩١-٩٢) ڕەنگە ئەمەش لەبەرئەوە بێت کە شیعر؛ کۆنترین و نزیکترین ژانرە لە هەست و نەستی مرۆڤەوە بەو پێیەی "شیعر بریتی بووە لە میدیۆمێکی زمانەوانی بۆ ڕایەڵکردنی هەستە خۆش و ناخۆشە ناخەکییەکانی مرۆڤ بەرەو دەرەوە، لێرەوەیە شیعر دەرخستنی شیعریەتی جیهانە لە ڕەهەندە بێسنوورەکەیدا، شیعر بە تەنیا بریتی نییە لە گەڕانەوەی شاعیر، بۆ دنیای غامز و پەنهانی ناوەوەی خۆی، بەڵکو بریتیشە لە دەرخستنی ئەو پەیوەندییە نهێنییەی دەکەوێتە نێوان ناخی شاعیر خۆیەوە بە دنیای دەرەوە" (عەلی،٢٠٢٢: ٨)، ئەمە لە ئاستە فیکرییەکەشەوە

هەڵگری پنتێکی هەقیقەتە، بەو پێیەی" ئێمە لە شیعرەوە دێینەوە نێو بوون". (عەبدوڵا، ٢٠٠٤: ١٤١) لێرەوەیە شاعیر ڕووداو لە واقیع دەخوازێت، لەبۆتەی زمانێکی هونەری و پاڵفتەکراو و بەرهەمهێنانەوەی وێنایەکی باڵاتر.

شاعیر مامەڵە بەتەنها لەگەڵ ڕووداوێکی نێو کات و شوێندا ناکات، بەڵکو زۆرجار لە چوارچێوەی ڕووداوێکدا زەمەن بزر دەکات، تا لە ئێستادا بدوێت. واتە نووسەر "لەخۆوە نانووسێت، ئەوەی دەینووسێت، ڕەنگدانەوەی واقیعە و دروستکردنەوەیەتی لەسەر بنەمای جیهانبینیی خۆی" (عثمان،٢٠٢٢، ٢٢) لەبەر ئەمە ڕاستەقینە لای شاعیر هەمەکییە و هەمیشە دەژی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە شاعیر ناتوانێت شیعر بۆ ڕووداوێک بنووسێت. بێگومان گەلێک لە شاعیرەکان هۆنراوەیان بۆ ڕووداو، کارەسات و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری هۆنیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەیان لەگەڵ ئەو چەمکانەدا کردووە کە ئێستایین پەوەندییان بە مرۆڤ و کۆمەڵەوە هەیە، بەڵام شیعریەتی شیعریان هەمیشە پاراستووە "بابەتی دەق هەرچییەک بێت، چەند بێمووەد و تورەهات و پەراوێزخراو بێت، نووسەری بە سەلیقە دەتوانێت بە بەکارهێنانی کەرەستە هونەرییەکان، ئەو بابەتە بە جوانترین شێوە نەخشەبکێشێت" (ئەحمەد، ٢٠٠٣: ٢٣). ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوە دێتەبەرهەم، هەر بۆیە گێڕانەوەی کارەساتەکان، لە ژانری شیعردا، هەمیشە تێکەڵ بە زمانێکی سۆزاوی کراون، بەوپێیەی زمانی ئەدەب مێتازمانە، سۆزیش لە ئەدەبدا مێتا سۆزە، "سۆزی شاعیر جودایە لە سۆزی کەسێکی ئاسایی، چونکە سۆزێکی ئەدەبییە" (مەولوود، ٢٠٠٧، ٩٤)، سۆزی وێژەی کاریگەریی لەسەر دەروونی خوێنەر هەیە. لە وردەکارییەکانی گێڕانەوەدا مێژوونووس ناچێتە قووڵایی ڕووداو و کارەساتەکان، وێنە درشت و بەرچاوەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، هەرچی شاعیرە، بە چاوێکی تیژبین و بیرێکی ئێجگار وردەوە، وێنە ورد و درشت و چرکەساتە پەراوێزخراوەکانمان بۆ دەنووسێتەوە.

**ڕەهەندە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی دەروونی**

نووسین زادەی ساتەوەختێکی تایبەتە، لەژێر هەژموونی دەروونی و سیاقە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو چرکەساتەی کە نووسەر تێیدا نیشتەجێیە لەدایکدەبێت. ڕەهەندە

خودییەکانی مرۆڤ، پەیوەستە بە دونیای دەرەوەی خۆی و لە دەرەوەی خود و لەوانی تردا نیشتەجێیە. "بیرۆکەی شیکردنەوەی دەروونی لەسەر بنەمای ملکەچبوون بەو تیۆرەی عەقڵی ناوەکی دامەزراوە. کە ژیانی عەقڵی دابەش دەکاتە سەر دوو بەش: عەقڵی دیار، یان هەست (The Conscious) و عەقڵی ناوەکی، یاخود نەست (The Unconscious). ئەم تیۆرەش لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتە هەستییەکانمان، ئەنجامی چەند پرۆسەیەکی دەروونیاینەی نەستین و لە عەقڵی ناوەکیدا بەدەر لە ویست و ئیرادەمان ڕوودەدەن" (تاتانی، ٢٠١١، ٦١) ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە "ئەدەب ڕایەڵێکی گرنگی پێکداچوونی بارە دەروونی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆیەش هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە لەنێو کۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن، ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر تەواوی دەق و تێکستە ئەدەبییەکان". (سلیمانو،٢٠٢١، ١٠٦٣) بۆیە بۆ گەیشتن بە مانا و کەینوونەکانی پشت هەردەقێک، کەم و زۆر دەبێ خوێندنەوە بۆ ئەو دۆخە دەروونییە بکەین، کە لە ڕێی تێکستەکەوە شیمانە دەکرێت نووسەر پێیدا تێپەڕی بێت، واتە پرۆسەی هەڵێنجانی مانا لە دەقدا، بەبێ گەڕانەوە و خوێندنەوە بۆ ڕەهەندە دەروونییەکانی نووسەر بەرهەڤ نابێ، ڕەخنەی دەروونشیکاری ئامڕازێکە بۆ خوڵقاندنی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ تێکست، چونکە "ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی وەکو ڕێبازێکی سۆسیۆلۆجی کۆمەڵزانیانە هەوڵدەدات کە ئەدەب بخوێنێتەوە، خوێندنەوەیەک، کە درێژبێتەوە لە پشتەوەی ڕووی ڕواڵەتییەوە" (مەعرووف، ٢٠١٢: ٤٤).

داهێنانی هەر دەقێکی ئەدەبی، لە بنچینەدا تەرجەمەکردنەوە و گەردانکردنەوەی بارە دەروونییەکە و خەیاڵی نووسەرە لە فۆرمێکی تازەدا، "بۆ ئەمەش مەگەر لە ڕێی دەستبردن بۆ کۆدە سایکۆلۆژیی و، ڕەهەندە دەروونییەکانی دەق، بتوانین خەیاڵی شاعیر بخوێنینەوە و ماناکان سەر لەنوێ دروستبکەینەوە" (کاشانی، ١٣٩٧: ٢٤٨) و لە ڕەخنەدا بیانمەزرێنینەوە، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانین ئاماژە بە زۆرێک لەو نموونانە بکەین، کە توێژەرانی وەک فرۆید، مۆڕۆن، یۆنگ و لاکان و چەندانی تر، لە ڕێی کۆدە زمانی و دەروونییەکانی ناو ئەو تێکستانەوە، کەشفی دیوە تاریک و شوێنە پەنهان و دەستپێنەگەیشتووەکانی مرۆڤ بکەن و هەریەکەیان لە ڕوانگەی

ڕوئیا و تێگەیشتنی خۆیانەوە، پرسی چیەتیی ئەدەب و پرۆسەی خوڵقاندن (داهێنان) بخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

زۆرێک لە ڕەخنەگران، ڕەهەندی ڕەخنەی دەروونی بە تیۆرێکی سەربەخۆی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان دادەنێن، مێژووی دروستبوونی ئەم قوتابخانەیە بۆ فەیلەسووفی بەناوبانگی نێو دونیای دەروونی (سیگمۆند فرۆید) دەگەڕێتەوە، بە تایبەت دوای بڵاوبوونەوەی کتێبێکی بە  ناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) "کاری خۆی بە بڵاوکردنەوەی ڕاڤەی خەون لە ساڵی ١٩٠٠ دەستپێکرد، بەردی بناغەی ڕێبازێکی نوێی بۆ بابەتی چۆنیەتیی کاری زەین دانا، پێیوایە ناخود ئاگا لەنێو کارەکانی زەینی خود ئاگادایە" (برێسلێر، ٢٠٠٧:١٦٩). فرۆید کە بەشێک لە کارەکانی بریتی بوو لە ڕاڤەکردنەوەی خەونەکان، لەو بڕوایەدا بوو کە ئەدەبیاتیش نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ خەوندا هەیە، هەردووکیان هەڵقوڵاوی بەشی ناخودئاگان لە دەروونی مرۆڤدا، ئەمەش وایکرد کە زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی سەرنج لەم لایەنە بدەن و بوونە شوێنکەوتەی ئەو بیرۆکەیەی فرۆید و بەردەوامیش لە زیادبووندا بوون تاوەکو ئەو تیۆرە ڕەخنەییە پەرەیسەند و لەلایەن ڕەخنەگران و دەروونناسان زیاتر پەرەیپێدرا.

میتۆدی ڕەخنەی دەروونی ئەو بزاڤە ڕەخنەیەیە کە پێیوایە دەقی ئەدەبی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە کەسایەتیی نووسەری دەق دەکات، هەروەها چەمکە دەروونییەکان لە بەستێنی دەرەوەی دەق و پەیوەندی ئەدەب و دروونزانیدا دەبینێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبییەوە دەیەوێت لایەنە شاراوەکانی ناخی نووسەری ئەدەبی بدۆزێتەوە و دەقەکەش زیاتر ڕوونبکاتەوە، چونکە بەپێی گریمانەی فرۆید کە دەڵێت: "ئەوەی هونەرمەندە دەروونەخۆشە، سەرەڕای ئەمە بە پێچەوانەی زۆربەی دەروونەخۆشەکانی تر، هونەرمەند لە چنگ زۆربەی نیشانەکانی دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە ڕزگاری دەبێ لە سۆنگەی ئەوەی کە لە داهێنانی هونەریی خۆیدا ڕێگای گەڕانەوە بۆ لەشساغی و تەندروستیی خۆی دەدۆزێتەوە، ئاکام و بەرهەمەکانی دەروونەخۆشی وەک (شێتی، یان دەستلەخۆوەشاندن) بنبڕ دەکات" (هەمان سەرچاوە: ١٨١). واتە بە بڕوای فرۆید نووسەر بۆ ئەوەی خۆی لەو گرێیە دەروونییە ڕزگار

بکات پەنا بۆ نووسین دەبات، هەر بۆیەش کاری سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە چەمکی نائاگاییە، کە مرۆڤ لە پاڵ ڕووداوەکاندا ئاراستە دەکات.

لەکاتی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبی و کارە هونەرییەکان "ڕەخنەگران پێویستییان بە چوار ڕەهەند هەیە، یەک ژیان و ڕەهەندی دەروونیی نووسەر. دوو، ناوەڕۆکی دەقەکە و پاڵنەر و لایەنی دەروونیی کاراکتەرەکان. سێ، شیکردنەوەی پێکهاتەی هونەریی دەق. چوار، ڕەهەندی دەروونیی خوێنەر" (سەباح، ٢٠٢١). واتە بە گرتنەبەری هەموو ئەو ڕێگایانە بە پێی ئەو تایبەتمەندییە دەروونیانەی کە لە قوتابخانەی دەروونشیکاریدا هەیە، بە بەرجەستەکردنیان بەسەر ژیانی نووسەر و دەق و خوێنەر و کاراکتەرەکان، دەتوانین هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیەکی گونجاو بۆ دەرخستنی نهێنییەکانی بێئاگایی دەقنووس بکەین و لێکدانەوەش بۆ دەقە ئەدەبییەکە بکەین. هەروەک "چۆن ئەدەب لە قۆناغی جیاجیادا، کاری لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ (وەک تاک) و لە سەرجەم کۆمەڵیش کردووە" (محەمەد، ٢٠١٨، ١٧٦)، بەو پێیە ڕەخنەی ئەدەبی، لە دەسپێکدا لە بۆتەی فیکر و فەلسەفە و دەروونزانیدا چەکەرە دەکات، ئەمەش شتێکی ئاسایی و قبووڵکراوە، ئەگەر نەڵێین پێشمەرجی دروستبوونی ڕەخنە بوونی ئەو زەمینە فیکری و فەلسەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە، بەو پێیەی "لە هەر کوێیەک زانستە فەلسەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لاوازبن، لەوێدا ڕەخنەی ئەدەبیش لاواز دەبێت" (عەلی، ٢٠٢٠، ١٠٣) لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەش بوونێکە لەناو زماندا گەشەدەکات و پرۆسێسی بەرهەمهێنانەوەی دەق بە ئاکام دەگەیێنێت.

### نائاگایی لای چارلز مۆرۆن[1] وەک بنەمایەکی ڕەخنەی دەروونی

لە بواری توێژینەوە ئەدەبییەکاندا ڕۆڵێکی گەورە بۆ نائاگایی نووسەر و نائاگایی خوێنەر دادەنرێت هەرچەندە "گرنگیدان بە لایەنی نائاگایی ڕەفتاری مرۆڤ بۆ یەکەمجار لەلایەن (سیگمۆند فرۆید)ەوە هێنرایە بواری دەروونناسی نوێوە، لەوێوە ڕووی لە شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان کردووە و بەرهەمی نووسەری بە بەرهەمی کەسایەتی و حاڵەتە دەروونییەکانی دەزانی" (بلیغی و عەبدی،١٣٩٢: ٧). دواتر یەکێک لە قوتابییەکانی لەژێر کاریگەریی تێڕوانین و

دۆزینەوەکانی فرۆید، ئەمەی گواستەوە بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی (شارڵ مۆرۆن'**١٨٩٩-١٩٦٦**')، "بە پاڵپشتیی تەکنیکیی شیکردنەوەی فرۆید، دەستیکرد بە شیکردنەوە تێکستی ئەدەبی" (ظاظا، ١٩٩٧: ٨٠).

ئەم شێوازی کارکردنەی مۆرۆن لەناو دەقی ئەدەبیدا، کە تەواوی بەرهەمی نووسەر ڕێکدەخات کە ئامانجی سەرەکیی تیۆرییەکەی مۆرۆنە. ئەم بەردەوامبوونە، لەپێناو گەیشتنە بە ئامانجێک، کە کەشفی نائاگایی نووسەر و خوێندنەوەی پشت کۆد و مێتافۆرەکانی دەق و گەیشتنە بە ئەفسانەی کەسیی شاعیر، کە لەدوا قۆناغدا لەگەڵ ژیاننامەی شاعیردا بەراورد دەکاتەوە بە مەبەستی ڕاستی و دروستیی ئەنجامەکە، واتە "مۆرۆن ئەو ئامراز و کەرەستانەی دەروونشیکاری، لە خزمەتی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهێناوە" (ڕەسووڵ،٢٠١٢: ٨٦) کە فرۆید سەرچاوەی دۆزینەوەیان بوو.

چارڵز مۆرۆن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مانای دەستبەسەرداگرتنی پەنجەمۆری نائاگایی خەونی قووڵ کە لە پشت فۆرمی ڕواڵەتی دەقی ئەدەبیەوە خۆی دەشارێتەوە. پێکهاتەکانی دەقەکە ئاشکرابکات، ئەمەش بەتەنها لەڕێی گەڕانەوە و گرنگیدان بە زمانی هونەریی دەق و ئیستاتیکای شیعرییەوە بەدەستدێت نەک بەتەنها بە گەڕانەوە بۆ ژیان و شێوەژیانی شاعیر، کە هەتا پێش مۆرۆن ئەم شێوازە لە ڕەخنەدا باو بوو. مۆرۆن بایەخی بایۆگرافیی شاعیری وەلانا، تەنها لە حاڵەتی پاسادانی ئەفسانەی کەسیی نەبێت دەگەڕایەوە بۆ بایۆگرافیی نووسەر[٢]. "مۆرۆن لە ڕەخنەی دەروونناسانە دەیەوێ ئاستی ئاگایی و توانای خوێندنەوەی ئێمە بەرانبەر بە دەقی ئەدەبی زیاتر بکات. ئەو کارە سەرەتا بە دۆزینەوە و کۆکردنەوەی سەرچاوەی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی دەق و دواتر دەرهێنانی پەیوەندی گەلێک کە لە ناوەڕۆکی دەقەکەدایە و دەچێتەوە سەر دەروون و نائاگایی نووسەر، دەستنیشاندەکرێ" (ظاظا، ١٩٩٧: ٧٩)، بەڵکو دەبێت لەسەر کەشفی نهێنییەکانی بەرهەمی ئەدەبی، بۆ دامەزراندنی زمانی ئەو کاریگەرییەی کە نهێنییەکانی ژیانی نائاگا دەردەبڕێت. بۆیە لە "شرۆڤەی ڕەخنەی دەروونناسانەدا دەنووسێ: ڕەخنەی دەروونناسانە شێوازێکە لە شیکردنەوەی ئەدەبی، بە شێوەیەکی ئەزموونکراو لە بەکارهێناندا.

ئەو ڕەخنەیە دەیەوێ لە دەقەکاندا ئەو پەیوەندییانە ئاشکرا بکات و بێنێتە بەرباس کە لەوانەیە بە شێوەی ئاگایی لە کاتی دارشتندا بیری لێ نەکراوەتەوە" ( Charles MAURON,1961: 57).

بە بڕوای چارلز مۆرۆن، ڕەخنەی دەروونی ئامانجی ئەوەیە زیرەکی و مەعریفەمان بە ناسین و کەشف و شۆڕبوونەوە بەناو هەناوی بەرهەمە ئەدەبییەکان زیادبکات، تەنیا بە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییانەی لە دەقەکاندا کە تا ئێستا بەبێ سەرنج ماونەتەوە، یان بە شێوەیەکی تەواو هەستیان پێ نەکراوە و لە بنەڕەتدا لە کەسایەتیی نائاگای نووسەرەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەمەش خوێنەر دەبێ بەو ئەرکە ڕابگات، ئەوسا "لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی دەبێتە زادەی لەدایکبوونی نووسینێکی ڕەخنەیی لەبارەوە، کە لەوانەیە خاوەنی ئەو نووسینە ڕەخنەییە هەمان مەبەستی دەقنووس لە نووسینی دەقەکەیدا بپێکێ، یان هەندێ شت بلّێ بەلای دەقنووسەوە تازەبێت" (گەرمیانی،٢٠١٣: ٥٠)، بەو مانایە خوێندنەوەی دەقیش لەخۆیدا دەکرێ پرۆسەیەکی داهێنانکارانە بێت، بەوپێیەی دەشێ ڕوئیای نووسینی دووەم، ڕوئیایەکی کراوەتر بێت و بتوانێ ئاسۆی دەقی یەکەم تێپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ (ئەو واتایەی دەرکی پێدەکەین و ئەوەی یەکسەر دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا ڕەنگە لاوازترین واتا بێت، کە واتایەکی تر دەشارێتەوە و دەیپێچێتەوە). (عەلی،٢٠١٢: ٥٣) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کونجکاوی و ئاستی مەعریفیی خوێنەر، بە قەولی ئەمبێرتۆ ئیکۆ: "دەق ئامێرێکی تەمبەڵە و خوێنەرێک هەیە، گیان و هێز و جووڵەی بخاتەوە بەر". ( ئەحمەد، ٢٠٠٣: ٩) بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەین بتوانین ئاستی گوتراوی ئەم کۆمەڵە شیعرە تێپەڕێنین.

## چەمکی دڵەڕاوکێ و دڵەڕاوکێی کۆرۆنا

زۆرجار دەگوترێت ئەم سەردەمەی ئێستامان سەردەمی دڵەڕاوکێیە، بەڵام ناکرێت بە شێوەیەکی ڕەها ئەمە بە ڕاست بزانرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی لە سەردەمەکانی پێشتریش یان بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، مرۆڤەکان بە دەست برسیەتی، نەخۆشی، کۆیلایەتی، جەنگ و کارەساتە جۆراوجۆرەکان گیرۆدە بوون، کە هەموو ئەمانەش وای لە مرۆڤ کردبوو هەردەم هەست بە

دڵەڕاوکێ بکات، وەک چۆن ئێستا ئێمە هەستی پێدەکەین، واتە "دڵەڕاوکێ شتێکە هەموومان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری ژیانمان ئەزموونی دەکەین، دڵەڕاوکێ وەڵامدانەوەیەکی ئاساییە بۆ ئەو ڕەوشانەی بە هەڕەشەئامێز بۆسەر ژیانی خۆمانیان دەبینین" (دیاری، شەهێن، سارا، ٢٠٢٣: ١٢). واتە دەکرێ بڵێین "دڵەڕاوکێ هەڵچوونێکی دەروونییە و ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ترسێکی گشتگیر، یان بۆ مەترسییەک کە بە ئەگەری زۆرەوە ڕوودەدات، یان هەڕەشە و ترسێک کە سەرچاوەکەی نادیارە و پەیوەستە بە دواڕۆژ و ئایندەی نادیارەوە". (الدباغ، ١٩٨٣: ٩٦) بەڵام دەکرێ جیاوازیی سەردەمی ئێستامان لەگەڵ سەردەمەکانی پێشتر ئەوە بێت، کە بەهۆی ئاڵۆزیی شارستانییەتەکان، ڕوودانی گۆڕانکارییە خێراکانی نێو کۆمەڵگا، بە زەحمەت خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی شارستانییەکان و لێکهەڵوەشانەوەی خێزانەکان، ئەستەمیی وەدیهێنانی ئارەزووە خودییەکان، لاوازبوونی بەها باڵا ئاینی و ڕەوشتییەکان لەگەڵ دەرکەوتن و پێشکەوتنی بواری تەکنۆلۆژیا، وای کردووە ململانێ و دڵەڕاوکێی دەروونی لە لای زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا دروستببێت، هەروەها دڵەڕاوکێش ببێتە تەوەرەی سەرەکیی نەخۆشییە دەروونی و ژیری و سایکۆسۆماتییەکان لە پزیشکیی دەروونیدا. (عكاشة، ٢٠١٩: ١٧٨)

بە پێی جۆری ئاڕاستە جیاوازەکانی زانایانی بواری دەروونزانی چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ دڵەڕاوکێ کراون، بەپێی بۆچونی "فرۆید" دڵەڕاوکێ: "بریتییە لەو هەستە یان بارە هەڵچوونییە ناخۆشەی مرۆڤ هەستیپێدەکات، کە چەند پێکهاتەیەکی خودی و فیسیۆلۆژی و ڕەفتاریش لەخۆدەگرێت و جارجارە لەسەر شێوەی دڵتوندی، تەنگەنەفەسی، ئازاری گەدە و زیادبوونی ترپەکانی دڵ دەردەکەون" (الخير، ٢٠٠٢: ١٠٣). کەواتە دڵەڕاوکێ بارێکی ناسروشتی دڵەڕوکێیە و بەدەرە لەو بارە سوکیەی وەک نیگەرانی و دڵپێوەبوون و دڵەڕاوکێی ئاسایی.

بەپێی (القاموس الموسوعي في العلوم النفسية والسلوكية) دڵەڕاوکێ بەم جۆرە پێناسەکراوە: "حاڵەتێکی ویجدانییە، کە شڵەژان و ترس و داچڵەکینیشی لەگەڵدایە، ئەمەش وا لە تاک دەکات هەردەم لە ترس و تۆقیندابێت بۆ ڕوودانی کارەسات و ڕووداوی مەترسیدار، زۆرجار

لە باری داچڵەکینیشدا پێشبینیکردنی تاک ڕاستی یان ئەندێشەییە، دەرەکی یان ناوەکییە، یان لەوانەیە سەرچاوەی دڵەڕاوکێیەکە دیارکراو بێت یانیش نادیار و لێڵ بێت، لە کاتی تووشبوونی تاکیش بە دڵەڕاوکێ جەستەی کەسەکە بە هەموو ئەندامەکانیەوە دەکەوێتە ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە، ماسولکەکانی گرژ دەبن، دەشڵەژێت، تووشی هەناسەبڕکێ دەبێت، ترپەکانی دڵی خێرا و نارێک لێدەدەن" (ابراهیم، ٢٠١٥: ٤١٥). بەو تێگەیشتنە دڵەڕاوکێ پەیوەندی بە ترسێکی نائاساییەوە هەیە و بەو ترسەشەوە کاریگەرییە جەستەییەکان و دەروونییەکان ڕوودەدەن. لە پێناسەیەکی تردا دڵەڕاوکێ کە نزیکە لە تێگەیشتنەکانی دیکەوە بەپێی کۆمەڵەی دەروونزانیی ئەمریکی (APA) بەم جۆرە پێناسەی دڵەڕاوکێی کردووە: "بریتییە لەو ترس، شڵەژان و تەنگەتاویەی بە هۆی پێشبینیکردنی مەترسییەک، کە تاڕادەیەکی زۆر سەرچاوەکەی نادیار و ناڕوونە تووشی مرۆڤ دەبێت و بەهۆیەوە چەند گۆڕانکارییەکی فیسیۆلۆژی لێ بەدیاردەکەوێت (مریم، ٢٠١٨: ٣٤). کەواتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێش لە هەردوو تێگەیشتن و پێناسەی دڵەڕاوکێدا نارِ و نادیارە.

بە شێوەیەکی گشتی، دڵەڕاوکێ "بریتییە لە شڵەژانێکی گشتی و بەردەوام، ئەمەش لە ئەنجامی پێشبینیکردنی تاک بۆ بوونی هەڕەشەیەکی مەترسیدار، کە ئەگەری ڕوودان و ڕوونەدانی هەیە، بەم هۆیەشەوە تاک تووشی ترسێکی نادیار و چەند دەرکەوتەیەکی دەروونی و جەستەیی دەبێتەوە" (زهران، ٢٠٠٥: ٤٨٤). دڵەڕاوکێ لە هەڵچوونێکی ناخۆش و هەستکردن بە هەڕەشە یان نائاسوودەیی و بێئۆقرەییە، هەروەها هەستکردنە بە شڵەژان و دژواری و ترسێکی بەردەوامی بێبیانوو، کە زۆرجاریش ئەم ترسە پەیوەستە بە داهاتووە (صالح، ٢٠١٤: ٢٦٥). لەلایەکی ترەوە، دڵەڕاوکێ پێناسەکراوە بەوەی "هەستێکی ناخۆش، لێڵ، پێشبینیکردن، ترس و شڵەژانەوە بۆ گۆڕانی باری جەستەیی ڕوودەدات وەک هەستکردن بە تەنگەنەفەسی، سەرئێشە، زۆر جولەکردن، زۆرجاریش ئەمانە دووبارە ڕوودەدەنەوە" (عبدالله، ٢٠٠٠: ١٤٩). سبیلبیرگر پێیوایە ئەو گۆڕانانەش پەیوەندییان بە کۆئەندامی دەمارەوە هەیە، ئەمەش مایەی هەڕەشەیە بۆسەر تاک بە شێوەی خۆنەویستانە کەسەکە هەست بە شڵەژان دەکات لە بەرانبەر هەر

ڕووبەڕووبوونەوە و هەڕەشەیەک کەسەکە لە ڕێی کۆئەندامی دەمارەوە دەکەوێتە ئامادەباشییەوە (الحویله، ٢٠١٠: ٢٣). دڵەڕاوکێ وەک وەڵامدانەوەیەکی هەڵچوون هەڕەشەیەکی ئاڕاستەکراو بۆ تاک، جا ئەو هەڕەشەیە ناوەکی بێت یان دەرەکی، زۆرجار بە شێوەی بەردەوام خۆی دەردەخات، بەردەوام وەک بێئۆقرەیی خۆی دەردەخات، لەباری جەستەییشدا ڕەنگدەداتەوە (عمامرة، ٢٠١٧: ٦٣). کەواتە دڵەڕاوکێ بە کاردانەوەکانی وەڵامدانەوەی هەڵچوونەکانی دەرەوەن و پەیوەستن بە ترس، بێئۆقرەیی و ترسی داهاتوو، بەمەش گۆڕانی جەستەیی و هەڵسوکەتی نائاسایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

**لە ڕووی جۆرەوە دڵەڕاوکێ** لەلای زانایانی بواری دەروونزانی بە چەندین جۆر دابەش و پۆلێنی بۆکراوە، واتە لە چەند جۆرێکدا خۆی دەبینێتەوە وەک لەم هێڵکارییەدا دەیانخەینەڕوو[٣]:




بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە گرنگترین هۆکارەکانی دڵەڕاوکێن وەکو فاکتەرە بۆماوەییەکان، هەروەها ئامادەباشیی گشتی دەروونین، یەکێک لە فاکتەرەکانی دڵەڕاوکێن وەک هەندێک تایبەتمەندیی دەروونی یارمەتیدەرن بۆ گەشەکردنی دڵەڕاوکێ، ئەم تایبەتمەندییانەش بریتین لە لاوازیی گشتیی دەروونی، هەستکردن بە هەڕەشەی ناوخۆیی یان دەرەکی، کە بەهۆی

هەندێک بارودۆخی ژینگەیی بۆ سەر پێگە و ئامانجی تاک دروستبووە، شڵەژانی توند، هەستکردن بە تاوان و ترس لە سزا و پێشبینیکردنی، (تونسي، ٢٠٠٢: ٣٧). بەپێی زۆرینەی بیردۆزەکانی دەروونناسی، فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری بنەڕەتین بۆ دڵەڕاوکێ، بێگومان فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرن و جۆراوجۆرن وەکو: قەیرانەکانی ژیان، فشارەکانی شارستانی و ڕۆشنبیری و ئەو ژینگەی سیخماخە لە ترس و بێبەشبوون و تەنیایی و نەبوونی ئاسایش، هەروەها پشێویی دۆخی نێو خێزان و لێکهەڵوەشانەوەی خێزان، شێوازی دڵڕەقانەی هەڵسوکەوتکردنی دایک و باوک، شکستهێنان لە خوێندن، پیشە و ژیانی خێزانی. لەپاڵ ئەو هۆکارانەشدا **فاکتەرە فیسیۆلۆژییەکان** (عكاشة،٢٠١٩: ٣٢) وەک گەشەنەکردنی کۆئەندامی دەماری لە تەمەنی منداڵییەوە، هەروەها پووکانەوەشی لە تەمەنی پیریدا، لە هەردوو بارەکەشدا ناتەواوییەک لە فرمانە فسیۆلۆژی و دەروونییەکان ڕوودەدات، دڵەڕاوکێش یەکێکە لە گرنگترین ئەو شڵەژانە دەروونییانەی، کە لە دەرەنجامی پشێوییە فرمانییەکان سەرهەڵدەدات. (كريمة، ٢٠١٠: ٩٩-١٠٠)

کاتێک مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت چەندین نیشانە و دەرکەوتە لەلایەنی دەروونی و لاشەیی و کۆمەڵایەتی لەلای کەسی توشبوو بەدیار دەکەون، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە لە **دەرکەوتە لاشەییەکان وەک** زیادبوونی ترپەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی لێدانی دڵ، تەنگەنەفەس بوون، دڵ تێکهەڵاتن، سەرسوڕان، لەهۆشخۆچوون، لەرزین، مێروولەیی بوون، ماندووبوون، فراوانبوونی گلێنەی چاو، ئارەقکردنێکی زۆر، ساردبوونی دەست و پێیەکان، سوورهەڵگەڕانی دەموچاو، بوونی ئازار لە سنگ، گرژبوونی سک، خەوزڕان، زرینگانەوەی گوێچکەکان، پەشۆکانی لایەنی سێکسی، سووڕی ئازاراوی مانگانە، نەخۆشکەوتن، لەدەستدانی ئارەزووی خواردن یان زیادبوونی ئارەزووی خواردن، ڕشانەوە، سکچوون، بە زەحمەت میزکردن). (رضوان، ٢٠٠٧: ٢٧٣) لە ڕووی دەروونیشەوە دڵەڕاوکێ چەندین دەرکەوتە و نیشانەی هەیە، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە: (بوونی دڵەڕاوکێی گشتی و نیگەرانبوون بۆ تەندروستی، کار و داهاتوو، زوو تورەبوون و شڵەژان و هەست بە ئاسوودەیی نەکردن،

هەستیاربوونێکی لەڕادەبەدەر، بە ئاسانی خرۆشان و بێ ئۆقرەیی، هەستکردن بە ترس و تۆقین، گومان بردن و دوودڵ بوون لە بڕیاردان، خەفەت و خەمۆکی، ڕەشبینی و سەرقاڵ بوون بە هەڵەکانی ڕابردوو و کارەساتەکانی داهاتوو، ترسان لە مردن، لاوازیی جەختکردنەوە و پەرشبوونی بیر و هزر و پەشێویی سەرنجدان، بێهێزی لە کارکردن و وەبەرهێنان، تێکچوونی گونجانی کۆمەڵایەتی، نەگونجانی پیشەیی، ئەنجامدانی ڕەفتاری هەڕەمەکی). (زهران، ٢٠٠٥: ٤٨٧) لە ڕووی دەرکەوتەی کۆمەڵایەتیشەوە کەسانی توشبوو بە دڵەڕاوکێ تاڕادەیەکی زۆر لە ژیانی ئاسایی دادەبڕێن و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبنە کەسانێکی گۆشەگیر، ئەمەش بەهۆی هەستکردنیانە بە ترس و نیگەرانی لە کەسانی تر و ڕەخنە لێگرتنیان، کە ئەمەش وای لێکردوون زۆرێکیان کار و پیشەکانیان لەدەستبدەن. (العزة، ٢٠٠٤: ٩٥-٩٧)

**بێدەنگی و بەرهەمهێنانەوەی دڵەڕاوکێ**

یەکێک لەو لێکەوتە دەروونییانەی فەزای کۆرۆنا دەیخولقێنێت، مەسەلەی بێدەنگییە، بێدەنگی لە ئاستێکی کپەوە تا ئاستێکی ترسناک خۆی دەنوێنێت. لە بەستێنی کلتووری کوردیدا هەمیشە پەیوەندییەکان جۆرێکن لە ئاوەدانی و ڕەوینەوەی تەنیایی، بۆیە قبووڵکردنی بێدەنگی و ڕاهاتن لەگەڵ فەزای بێدەنگی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هەر بە سروشت حەزی بە دنیای بەسام و بێدەنگ نییە، لێی دەسڵەمێتەوە و حەزی ڕەوینەوەی تەنیایی بەم جۆرە فۆرم دەگرێت، یەکێ لەو فۆرمانەی ڕەوینەوەی تەنەیایی و دورەپەرێزی دەربڕینی ناوەوەی خۆیەتی، بۆیە ئەدەبیات دەبێتە ئەوپاڵنەرەی کە خود لە تەنیایی دادەماڵێ، جۆری ئەو داماڵینەش بە دەربڕین و جۆراوجۆری ئاماژە هێماکانی خۆی بەدەر دەخات هەروەک لە کۆمەڵە شیعری کۆکراوەی (خستنی دەمامکەکان)دا هاتووە:

***نایە نایە/خۆشبەختی ئێمە نایە / هەموو ڕۆژێک دڵ توێ توێ ئەکرێ/ لە چاوەڕوانیدا /بێدەنگی سەرتاپای شار دەگرێ/شار بێدەنگی هیچ لێ نایە (جەباری، ٢٠٢٠: ٣١٥)***

لێرەدا بێدەنگی تا ئاستێکی ترسناک خۆی دەنوێنێت، قبووڵکردنی بێدەنگی و ڕاهاتن لەگەڵ فەزای بێدەنگی ئاسان نییە، مرۆڤ بە سروشت حەزی بە دنیای بەسام و بێدەنگ نییە، لێی دەترسێ و

هەست بە چۆڵەوانی دەکات، بێئاگا لەوەی بێدەنگی دەکرێ ببێتە ئەو زەمینەیەی تۆوی ئومێد و بەرهەمێکی نوێی تێدا بوەشێندرێت، "هەندێک جار دەبێتە هۆی گۆشەگیری و پەنابردنە بەر بێدەنگی. بەڵام هەندێک جار فێرمان دەکات کە ئارامگر و پشوودرێژ و بڕوابەخۆبین، هەست بە هاوسۆزی بکەین لەگەڵ خەڵکدا" (سعید، ١٣٧٧: ٤٣) بۆیە سکاڵا لە دەستی بێدەنگی بریتییە لە خواستی ئەو دەلالەتانەی کە مرۆڤ پێویستی بە ڕەوینەوەی بێدەنگی هەیە. تا بگەڕێنەوە باوەشی یەکتر، شار ئەو مانا قەرەباڵغی وێنانەی بۆ بگەڕێتەوە کە کۆرۆنا لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کردوون.

لە کاتێکدا خولقاندنی بێدەنگی لە سەردەمی کۆڕۆنا جۆرێکە لە مەحاڵ، بەوپێیەی دونیای سەرمایەداری پڕبووە لە ژاوەژاو، ژاوەژاو بەهەموو جۆر و فۆرمەکانییەوە، خودی مرۆڤ منداڵێکە لەناو ڕەحمی ژاوەژاو و لە هەناوی هەراو زەنا کەوتۆتەوە، بەڵام بۆ بەشێک لە شاعیرانی ئێمە، ئەم دۆخە (دۆخی بێدەنگی)، دۆخێکی غەمئاوەر و نەویستراوە، چونکە لە نائاگایی شاعیردا، (شار) یەکسانە بە جەنجاڵی و بەریەککەوتن، بە دروستکردنی پردی پەیوەندی و گفتوگۆ.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شار و بە تایبەت (شاری کوردی)ی، جەنجاڵی و ژاوەژاوە، شاعیر کە لە دیدی هایدیگەرەوە، کەسێکە (بازاڕ) بەجێدەهێڵێت، لێرەدا (بازاڕ) میتافۆرێکە بۆ قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ، بۆ ژاوەژاو، بەڵام (شاعیر)، بە پێچەوانەوە چێژ لە دەنگەدەنگ و ژاوەژاو دەبینێت و خەم بۆ بێدەنگی شار دەخوات و پێیوایە، شار بێدەنگی هیچ لێ نایەت، لە کاتێکدا لە دەرەوەی کەرەنتینە و پچڕانی پەیوەندییە فیزیکییەکان، هێشتا ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ بەر بێدەنگی بکەوێت و ئەزموونی بێدەنگی بە مانا فەلسەفییەکەی بکات، چونکە مرۆڤی ئەمڕۆ لە ڕێی تەکنەلۆژیا و بەرهەمەکانیەوە، بیەوێ یان نەیەوێ، پەیوەستە بەسەدان تۆڕی پەیوەندی لۆکەڵی و فەزایی، کە ناتوانێ لێیان دەربازبێت و سۆشیال میدیا دیارترینیانە، بۆیە "وەک ئەوە ئیفری گیتلیز دەڵێت: چیتر بێدەنگی نەماوە" (عەلی، ٢٠٢٢، ١٣٦)، بەڵام شاعیر خوازیاری ئەو جەنجاڵی و جموجۆڵەی جارانی شارە (شاری پێش کۆڕۆنا)، ئەم بێدەنگییە ترسناکە زادەی کۆڕۆنا و کەرەنتینە و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیە، لە لای (دڵشاد عەبدوڵلا) لە کۆمەڵە شیعرە

چاپکراوەکانی خۆی بە ناو (کات زۆرە بەڵام چی لە کات بکەم) دەگاتە لووتکە و دەبێتەوە دەنگێک لەناو بێدەنگییەکی بەسامدا، دەنگێک کە گوێچکەی دەروونیی شاعیری کاس کردووە:

***خەریکە گوێ کەڕ دەبێ/ هێندەی گوێ لەبێدەنگی بگرم و /دەنگی کەسێکم نەیێتە گوێ***

***خەریکە پەنجەکان لەگۆ دەچن***

***لەناو کەفی سابوون و دیتۆل! (عەبدوڵلا، ٢٠٢٠: ٢٠٧)***

گوێ، وەک ئەندامێکی جەستە، ئامادەگییەکی بەرچاوی هەیە، لە پەیوەستکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەریدا، گوێچکەی شاعیر، کە دەشێ هەستیارتر بێت لە گوێچکەی مرۆڤێکی ئاسایی، تاسەی بیستنی جوانیی و دەنگی ئازیزان و قریوەی پێکەنین و تریقانەوەی مندالانی کۆڵانە، بەڵام لەم دۆخەدا (دۆخی کۆرۆنا و کەرەنتینە)، بێدەنگی دەبێتە تاقە دەنگێک لە بەستێنی ژیاندا، لە نائاگایی شاعیردا هەمیشە دەنگێک هەیە لە توخمی بێدەنگی، ڕەنگە دەنگی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خودی شاعیر بن، ڕەنگە تۆنی دەنگی ئازیزانی ڕۆیشتوو بێت، لەوانەشە دەنگی ویژدان و دەروونی خۆی بێت بەتەنیا. ترس و گومانی شیعری لە دۆخی ئاوارتە هەمیشە لەگەڵ کاتێکی ئاسایی جودا دەکەوێتەوە.  ئەگەرچی شاعیر، ڕووداو لە واقیع دەخوازێت، بەڵام شاعیر لە نائاگاییدا، خەریکی ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەیە و هەوڵی گۆڕینی دەدات بە واقیعێکی باشتر، ئەمە لە شیعری (باگۆ)دا، تەواو پێچەوانە دەبێتەوە:

***وەک کیسەڵێکی نەخۆش /کە لەو هەموو ساڵی ژاوەژاوە بێزاربێت:***

***دەچمەوە ناو قەپێلکی بێدەنگیم /دەکەومە گفتوگۆ لەگەڵ خۆم /لەپشت تەلبەندی سەدان بەربەست، لەگەڵ مناڵییم کە بەبەرچاومەوە/ وەک کاریلەیەک لە ناو ڕەوەگورگی بێهوودەیی /لمۆز لە سەراب هەڵدەسوێ و / لێم دەپرسێ: بۆچی لەوێی؟ (جەباری،٢٠٢٠: ٣٢١)***

کیسەڵ لێرەدا مێتافۆرێکە، ئاماژەیەکە بۆ تەمەندرێژی، تەمەنێک بەژاوەژاو و هەزاران ناخۆشییەوە تەنراوە، تا ئاستێک شاعیر خۆزگەی کۆتاییپێهاتنی دەخوازێت، بۆیە پەنا دەباتەوە بەر بێدەنگی و لەو ڕێگەیەوە لەگەڵ دونیای ناوەوەی خۆی ئاشت دەبێتەوە، هەندێک جار ئەم

بێدەنگییە بەتەنها لەناو شوێنکاتی دەرەکیدا بەرهەڤ نابێ. بەڵکو بێدەنگی زەمینەیەکی ناوەکیشە، شاعیر لە ڕێی خۆدواندن و تاکگوتاری ناوەوە هەوڵی مەزراندنەوەی دەدات.

سروشت و مرۆڤی مۆدێرن، کە مەکینە گەورەکانی دنیای سەرمایەداری دەیانهاڕێ، کۆڕۆنا وەک دەرچەی دەربازبوون دەنوێننەوە، بۆ هەڵاتن لە ژاوەژاو، ئەزموونکردنی بێدەنگی بە مانا فەلسەفییەکە، بۆ سەرلەنوێ ئاشنابوونەوە بە ناخ "نیتشە واتەنی، ڕێگای گەیشتن بە شتە گەورەکان، بە ناو پانتایی بێدەنگیدا دەڕوات" (عەلی،٢٠١٥: ١٣٨)، بەڵام ئەو تێگەیشتنە لە کۆڕۆنا هەردوو دیوەکەی نییە، بەڵکو دەنگی ناوەوەی شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت هاوارێک لەناو تەنیاییدا ڕایدەچڵەکێنێت و بۆ خۆدیزنەوەی شاعیر لەناو گەشتێکی دەروونیدا ئامادە دەبێت. منداڵی وەک توخمێکی نۆستالژییە، شاعیر لە بێدەنگی و گەڕانەوە بۆ خود وزە وەردەگرێت، دەیکاتەوە سەرچاوەی پرسیار و خولقاندنەوە، وەک پرسیاری بوون، بۆ لێرەین؟ ئەمەش لە ئاگایی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت. بەوپێیەی "پەیوەندیی نێوان زانین و هۆشیاری تەنها پرسیار ڕێکی دەخات"( کاکەسوور،2021: ١٥٤). ئاگایی بەوەی مرۆڤ/ مرۆڤی مۆدێرن، کاریلەیەکە لمۆز لە (شینکەی سەراب) هەڵدەسوێت، و لە ڕاستیدا شینکەیەک و بەهارێک لە گۆڕێدا نییە، ئەی بۆچی لێرەین؟ پرسیار بەرئەنجامی هزرینە، دووبارە بیرکردنەوە دێنێتە ئاراوە و دەبێتەوە سەرچاوەی خەلق "پرسیار بنەمایەکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونێکی ڕەسەن" (نەبی،٢٠٢١: ٢٦)، بۆیە بەبێ ئەوەی شاعیر وەڵامێک بخاتەڕوو، لە نائاگاییەوە پێمان دەڵێت؛ دونیا شوێنێکی باش و ئارام نییە، مرۆڤ لەو ژیانەدا چەشنی یاریکەرێکە، مەحکوومە بە یاریکردن، بە ڕۆڵگێڕانی ناچاری، دەنا لە بنەڕەتدا ئەوەی هەیە، ژاوەژاو و ئارامیی ساختە و سەرابی خۆشبەختییە، مەحوی گوتەنی: (**هەموو دەشچن بەخنکان و لەوشکیشە مەلەی مەخلووق**) (مودەڕڕیس، ١٣٨٩: ٢٢٣) بۆیە بەر جۆرێک لەنامۆیی دەکەوین.

فرۆید پێیوابوو" نامۆیی لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێککارییەکانی شارەوە دروستدەبێت، کاتێ تووشی ئاڵۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆربەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی". (قادر،٢٠٠٦: ٤٧) بەمەش ئەو کۆت

و بەندانەی بە ناوی ڕێککاریی و دیسپلینەوە، تاک دووچاریان دەبێتەوە، بە ناڕاستەوخۆ دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەدیهاتنی ویستەکانی تاک و چەپاندن و خەفەکردنی ئەنگێزەکانی، بەمەش دەبێتەوە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نامۆیی لە ژیانی تاکدا، ئەم کۆت و بەندانەش فرەچەشن و فرەناون، لە بۆتەی یاسا و دابونەریت و پێوەری ئیتیکی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی خۆدەنوێنن و کاردەکەنە سەرچالاکییە بایەلۆژییەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا، (کەرەنتینە) دیارترینی ئەو یاسا ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەیە، کە دەکرێ زۆرترین خەفەکردن و نامۆی بۆ شاعیرانی ئێمە بەدوای خۆیدا هێنابێت. ئەو تێگەیشتنە نامۆییە لەناو تەنیاییدا بەهاوارترە تا جەنجاڵی.

**بێکاری، وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوەی دڵەڕاوکێ**

بەهۆی کۆرۆناوە وەک دەڵێن جیهان پشویدا، ڕووداوێکی هەروا ساکار نەبوو کە پەیوەست بێت بە دەستبەتاڵی و گۆشەگیربوونی مرۆڤ، بەڵکو دەیەها لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا. یەکێک لە دیوەکانی دیکەی ئابووری و دەروونیی کۆرۆنا بۆ بەشێکی گەورەی چینی کۆمەڵایەتی دووبارە دڵەڕاوکێی بەرهەمهێنایەوە. لە ئەنجامی داخستن و لە کارخستنی کارگەکان، سەدان و هەزاران کرێکار خزێندرانەوە کونجی ماڵەکانیان و بێکار مانەوە، بەمەش دڵەڕاوکێ و بێکاریی و هەژاری تۆختر لە جاران دەرکەوتنەوە، مەترسییەکە چەند قات بوویەوە، وەکو کرێکارە هیندییەکە وتی: "ئەگەر ڤایرۆسی کۆرۆناش نەمانکوژێت، بەدڵنیاییەوە هەژاری و برسێتی دەمانکوژن" (ئەحمەد ،٢٠٢٠: ١٩٤) مێژووی مرۆڤایەتیش پێمان دەڵێت، هەمیشە ئاماری قوربانییەکانی جەنگ و برسێتی لە ئاماری قوربانییەکانی پەتا و نەخۆشییە درمەکان زێدەتر بوون.

کۆرۆنا وەک ڕووداو، تایبەتمەندی و جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕووداو و کارەساتە سروشتی و مرۆییەکانی پێش خۆی، کۆرۆنا بە کۆمەکیی کەرەنتینە، جووڵەی لە ژیان بڕی، مرۆڤی خزاندە کونجی ماڵەوە، لە هەمووی سەختتر، مرۆڤی بێکار کرد "ئەنگڵس باسی ئەوە دەکات، یەکەم هۆکاری بنچینەیی کە ڕۆڵی هەبووە لە پەرەسەندنی مرۆڤدا کار بووە، بە شێوازێکی تر، کار بووە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان باشتر و چالاکتر کار بکەن، پەرەسەندنی کار و کەرەستەکان

پێویستی کۆکردنەوەی مرۆڤەکانی لەدەوری یەک زیاتر کرد" (azadbun ۲۰۲۰: ۱۷)، بۆیە کۆرۆنا بەشێک لە بەرزبوونەوەی ئاستی دڵەڕاوکێی زیاتر کرد. ئەم درکپێکردنەوە وەک واقیعیەتێکی کۆمەڵایەتی لەناو کایەی ئەدەبدا بەرجەستە دەبێتەوە، خەمی ئەدەبیات خەمی ئەوانی تریشە، ئەوەی کە گرنگە گەردوونیەتی هەستی مرۆڤدۆستییە لەناو ئەو دڵەڕاوکێیەی کە جارێکی دیکە بەهۆی کۆرۆناوە بەرهەمدێتەوە:

***هەرکەس لە کونجێکی ماڵێ /بەدەردێکەوە دەناڵێ***

***کرێچی، دەوڵەمەند، هەژار /کارەکەر جوتیار و نەدار***

***هەمووی لە ماڵ بەناچاری /دەچێژن دەردی بێکاریی (جەباری، ۲۰۲۰: ۳٤۲)***

کۆرۆنا لەناو بەرمەهێنانەوەی دڵەڕوکێدا بەهای مرۆڤایەتی و چەمکە سیاسی و نەتەوەییەکان لافی مرۆڤدۆستی، کەوتنە ژێرپرسیارەوە بە تایبەتی بانگەشەی مرۆڤدۆستیی وڵاتانی ڕۆژئاوا. گۆڕانی سنووربەندیی یەکیەتیی ئەورووپا و مامەڵەی کرێکارانی بیانی و و پەراوێزخستنی کەسانی پیر و پەککەوتە هەموو دروشمەکان و چەمکە داتاشراوەکان کەوتنە ژێر پرسیارەوە (سلیمانو، ۲۰۲۱، ۱۰۷۷)

**ئەی کۆرۆنای ماڵ وێران / لاچۆ دەرچۆ لە ناومان**

**ئێمە هەموو هەژارین / خەریکی ئیش و کارین**

**برۆ لای سەر زلەکان / دەوڵەمەندن پڕ گیرفان**

**چیتە لەکەسی هەژار / ژینی لێ دەکەی بەژار**

**ئەو نانی نییە بیخوا / دەلێیبگەڕی توخوا (جەباری، ۲۰۲۰: ۳۷۸)**

بۆیە وەک چۆن کار، زادەی پێشوەچوون و کۆبوونەوەی مرۆڤە لە دەوری یەکتر، پێچەوانەکەیشی دروستە، کە دابڕان و گۆشەگیری و دواکەوتوویە، بۆیە "زانایانی ئابووریی سیاسی دەڵێن: "کار سەرچاوە و زادەی هەموو سامانەکانە، لەگەڵ سروشت کە مەتریاڵ و ماددە بۆ بەرهەمهێنانی سامان دابیندەکات، بەڵام لەوەش زیاتر مەرجێکی بنەڕەت و یەکەمە بۆ ژیانی هەموو مرۆڤایەتی، تا ئاستی ئەوەی بە مانایەک لە ماناکان، کار ئافرێنەری مرۆڤە" (Azadbun،

٢٠٢٠: ١٨)، لێرەوەیە لێسەندنەوەی کار لە کرێکار، لێسەندنەوەی شووناس و بوونی واتایی ئەوە، بەمەش بێکاری دەبێتەوە دەزگایەک کە ترس و دڵەڕاوکێ بەرهەمدێنێتەوە، هێشووە ئیماژ و مێتافۆرەکانی وەک: (کونجی ماڵ، ناڵاندن، دەرد، کرێچی، هەژار، کارەکەر، جوتیار، بێکاری، نان، برسێتی، گیرفان) هەموو ئەوانە بەیانکردنی ترسێکە، لەسەر زمانی تاک، بەڵام لە ڕاستیدا ترسێکە لە نائاگایی دەستەجەمعیدا ئامادەگیی هەیە، واتە بە تەنها پەیوەست نییە بە نەستی تاکەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەستی دەستەجەمعیماندا لە پەیوەندیدایە، بەمەش دەبێتەوە سەرچاوەی دڵەڕاوکێیەکی دەستەجەمعی.

## خوڕافە و دڵەڕاوکێ:

ئەدەب لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی ئەفسانە یەک دەگرێتەوە، کە "بریتییە لەو بیر و ممارەسە و نەریتانەی، پشت بە هیچ پاساوێکی عەقڵی نابەستێت و ملکەچی هیچ چەمکێکی زانستی نابێت" (بدران و الخماش،١٩٧٩، ١٣)، لەگەڵ ئەوەشدا شرۆڤەکردنی ناتەندروست و خوێندنەوەی پێشهات و ڕووداوەکان، بەرهەمی نائاگایی مرۆڤی سەرەتایین، ئەو مرۆڤەی بۆ هەر سوژەیەکی بەهێز و دەرەقەت نەهاتوو، خوڕافەیەکی بۆ داتاشیوە، بۆ ئەوەی جەهل و دەستەپاچەیی خۆی لە پەنادا بشارێتەوە، سەیر لەوەدایە هەمان بیرکردنەوەی سەرەتایی لای بەشێکی زۆری ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هێشتا بەردەوامیی هەیە، ئەمەش پێمان دەڵێت خوڕافە چەندە تایبەتبێت بە نائاگایی تاکەکەس، بەهەمان ئەندازە و ڕەنگە زیاتریش، لەگەڵ نەستی کۆ (نائاگایی دەستەجەمعی) لە پەیوەندیدا بێت.

***سێشەممە بوو، دەمەو عەسر / ژنان دەچوونە سەرکانی /نەنکم نینۆکەکانی دەقرتاندن،***

***کاکم یاری لەگەڵ کۆترێکی سەربەکڵاو دەکرد / تەمەنێکە مەیلم لەپیاسەیەکی ئێوارانە***

***بە گوێژەدا هەڵزنێم، کۆرۆنای شووم/ هەموو ڕۆژەکان لێرەیە! (جەباری،٢٠٢٠: ٣٥١)***

بە شووم زانینی ڕۆژانی سێشەممە و چوونە سەرکانی، حەمامکردن و نینۆککردن لە دوای عەسرانی سێشەممان و بەخێوکردنی کۆتر، سێ ئاماژەن، ئیسپاتی ئامادەگیی بیرکردنەوەی سەرەتایی، لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا لەگەڵ کۆڕۆنادا بەیەکترەوە پەیوەست دەکرێن.

کۆڕۆنا، بەرئەنجامی مامەڵەکردنی مرۆڤە لەگەڵ چەپکێک سووژەی شووم و بەدیۆم، ئەمەش خوڕافەیەکە، لە هەناوی دواکەوتوویییەوە سکوزا دەکات و درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات، تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ڕووداو و پێشهاتەکان بەم تێگەیشتنە، سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە، لێرەوەیە خوڕافە، دەبێتەوە دەزگای بەرهەمهێنانەوەی دڵەڕاوکێ.

## ترس وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوەی دڵەڕاوکێ

ترس پەیوەندی بە مانەوە و بەردەوامیی مرۆڤە هەیە، لە هەر دوو باری ئاسایی و نائاساییدا لە هەر دیوی مەرگدۆستی و ژیاندۆستی ئامادەییان هەیە، سەرچاوەی مانەوە و دارمانی بوونی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤن. زۆربەی کات (ترس و دڵەڕاوکێ) بەدوای یەکدادێن، واتە سەرچاوەی کاردانەوەن، جوڵەی کاردانەوەکەش دەبێتەوە سەرچاوە بۆ دروستبوونەوەی ترس، بۆیە "دیاردە و خاسیەتەکانی دڵەڕاوکێ، زۆر نزیکن لە دیاردە و خاسیەتەکانی ترس، جیاوازیی سەرەکییان ئەوەیە، کە ترس کاتییە و سەرچاوەکەشی زانراوە، بەڵام دڵەڕاوکێ بە پێچەوانەوە بەردەوامە و سەرچاوەکەشی نەزانراوە". (قەرەچەتانی،٢٠١٠: ٣٩) دڵەڕاوکێ ترس هەڵگرە و سەرچاوەی ترسیشە. بە واتایەکی تر، ترس" ئامادەباشییەکی مرۆڤە، بۆ وەڵامدانەوەی هەر شتێک یان وروژێنەرێک، یان هەڵوێستێک کە ئازاربەخش بێت و چاوەڕێ بێت، کە ئازار و ژانی پێبگەیێنێت، وەڵامدانەوەی هەڵاتن و دوورکەوتنەوە لە وروژێنەرەکە بەدوای خۆیدا دێنێت، دەرئەنجامی ئەو وروژێنەر و هەڵوێستانەیە کە مەترسین. ئازاری جەستەیی یەکەمین سەرچاوەی ترسی مرۆڤە و بە وروژێنەری زگماکی هەژماردەکرێت" (بۆکانی، ٢٠٢٠، ١١٢)، لەبەرئەوە ترس و مرۆڤ لە پەیوەندییەکی هەمیشەییدان.

ترس وەک ڕەهەندێکی بەرگری و مانەوە، سەرچاوەی زیادبوونی دڵەڕاوکێیە. لە چەندان لاوە، بە چەندان شێواز خۆی وێنادەکات؛ لەناو خێزان، لە ڕێگەی هەواڵ و شاشەوە، لە بێدەنگی و دنیای بە سامی کەرەنتینە، لە هەواڵی گیانلەدەستدانی ئازیزان و ئاشنایانمان، ترس لە کۆرۆنا لە ترس لە نەخۆشییەکی ئاساییەوە گۆڕا بۆ دڵەڕاوکێیەکی نائاسایی و ترسێکی هستریایی. لە ترسێکی لۆکاڵییەوە بۆ ترسی گڵۆباڵ. ترسێک کە کۆتاییەکەی تەسلیمبوون بوو بە مەرگ، بەو پێیەی "مردن ترسناکترین ڕوداوی ژیانی مرۆڤە کە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ سێبەرە تاریکەکەی بە سەر ژیانیدا بارگرانی دەکات. مردن ترسی خستۆتە ناو دڵی مرۆڤی ڕۆژانی زوو، بۆیە هەوڵیداوە لەم ڕووداوە تۆقێنەرە تێبگات و چارەیەکی بۆ بدۆزیتەوە. بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی ئەمەی سەلماندووە، کە هەرگیز هیچ چارەسەرێکی بۆ نییە. کەس ناتوانیت لێی ڕابکات و کەس نییە دواجار مەرگ بەرۆکی نەگرێت" (حەسەن، ٢٠١٣، ٩٩). دۆخی کەرەنتینە و ڕۆژانی لێرەبوونی کۆرۆنا، ئەم ترسە بە تۆخی هەستپێدەکرێت:

**لێم مەپرسە بۆچی ئاوها ترساوم / هەواڵێکم بیستووە ڕێک پساوم**

**دەردێ هاتووە بەناوی کۆڕۆناوە / خەونی زۆر خۆشەویستی لە گۆڕ ناوە**

**ئازیزەکەم مەیە دەرێ تکایە / گاڵتە نازانێ ئەم پەتایە (جەباری، ٢٠٢٠: ٢٩١)**

لە دنیای سەرمایەداریدا، ئامراز و ڕایەڵەکانی پەخشکردنەوەی ترس، زۆر و فرەچەشنن، دیارترینیان پەخشکردنەوەی ترس و تۆقاندنە لە ڕێگەی تۆڕێکی بڵاوی ڕاگەیاندن، کەوابوو هەواڵ لە کۆمەڵگەی نیولیبراڵدا قورساییەکی زۆری هەیە. تاک لە ڕێی شاشە و هەواڵ و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەر ترس و تۆقین دەکەوێت، هەواڵ و سەرچاوەکانی پەخشکردنەوە، دکارێن دڵەڕاوکێی مردن بهێننە ناوماڵەکانمان، دەنگۆی کارەساتی مەرگبار و دروستکردنی کەشی تۆقێنەر دەشێ بە" فۆبیا کۆرۆنا" ناوزەدی بکەین، بەرهەمهێنانەوەی تۆری تێکچرژاوی هێماگەلی وەک (هەواڵ، ترس، پسان، گۆڕ، پەتا)، بەرهەمی قورسایی هەواڵن.

ئەوەی شاعیر دەریدەبڕێت هەستێکی گشتییە و لە ڕوانگەی تاکەکەسییەوە ناڕوانێتە ئەو ترسەی کە دڵەڕاوکێی گشتی بەرهەمهێناوە، تەنانەت جێناوەکانیش گوزارشتن لە گشت و کۆ بە جۆرێک لە دەستەواژەی هەمووممان هەستپێکردنە گشتییەکە دەگوازێتەوە.

**ڤایرۆسێک گومان دەخاتە قسە و مۆسیقا و.. سەفەر و شیعر و ئاو و —با–کان!**

**دڵی هەهەمووممان / دەخاتە قرتە و فرتەی مان و نەمان(جەباری، ٢٠٢٠: ٣٣٧)**

لێرەوەیە هەواڵ وەک ترادسیۆنێک، وەک سووژەیەک کە هێزی خۆی لە ترس دەخوازێ و هاوکاتیش دڵەڕاوکێ بەرهەمدێنێتەوە، (گومان و دەغدەغەی مردن دەخاتە قسە و مۆسیقا و سەفەر و شیعر)، ڕوانین لێڵ و تەماوی دەکات، بۆیە بە تۆخی هەست بە جێهێشتنی کاریگەرییە خێرا و تۆخەکەی هەواڵ دەکەین. "ئەو هەواڵە گرنگە، کە بەلای زۆربەی هاوڵاتییانەوە گرنگ بێت و خەڵک هەڵوەدای بن. لەپێشدا هەواڵەکانی وڵاتی خۆمان ئەمجا دەوروبەر و دوور" (حەسەن،٢٠٠٥: ٩٨)، بەڵام لە ڕۆژگاری کەرەنتینەدا، دونیا دەبێتەوە ئەو گوندە بچووکەی کە هەموو مرۆڤایەتی تێدا تەوق دراوە، هەواڵ دوور و نزیکی نییە، بێگانە و خۆوڵاتی نییە، یەک هەواڵی و یەک دووژمنی، کە هاودڵی و هاوخەمی و ترسێکی گڵۆباڵی بەرهەمدێنێتەوە لە ئارادایە.

## دڵەڕاوکێی شوێن لە کۆڕۆنادا

پەیوەندییەکی قووڵ و تۆکمە لە نێوان شاعیر و شوێندا هەیە، شوێن و فەزا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە دنەدانی شاعیران و بیرمەندان بۆ ڕامان و قووڵبوونەوە و داهێنان، بەوپێیە "شوێن ڕەهەندێکی حەتمیی ژیانە و لە پێشی هەرچی ڕەهەند هەیە لە بووندا، شوێن وامان دەبەستێتەوە تا مردن بەرمان نادا... کیمیای شوێن ڕۆچۆتە نێو جینێتیک و بوونە فیزیکی و بیۆلۆژیی و ئینجا سایکۆلۆژییەکمانەوە" (حوسێن، ٢٠١٩: ٦٧)، وەختێک کۆڕۆنا دەبێتە سەرچاوەی گۆڕین و تێکدانی شوناسی شوێن، گۆڕینی مانای جوگرافیی شوێن، کاتێک کۆڕۆنا دەبێتە دیوارێکی هەڵبەستراو لە نێوان سروشت و شاعیردا، لە نێوان کۆڵان و منداڵدا، گۆڕینی ماناکانی خانوو و ماڵ بۆ جۆرێک لە زیندانی دەستەجەمعیی، ڕاستەوخۆ شوێن دەبێتەوە سەرچاوەیەکی دیکەی

بەرهەمهێنانەوەی دڵەڕاوکێ، لە هەمانکاتیشدا باوەشی سروشت دەبێتە هێوربوونەوە و ئاساییبوونەوەی دڵەڕاوکێ (دڵشاد عەبدوڵڵا) لە شیعری (لە شوقەیەک)دا، دەنووسێت:

**لە شوقەیەکی چەند مەتریدا دەحەوێمەوە / بەڵام مەرج نییە، لەشوقەیەکی چەند مەتریدا بژیم!**

**لە شوقەیەکی چەند مەتریدا / هەرچیم بوێ دەستم دەکەوێ:**

**ڕووناکی، هەواڵی دنیا، خواردن و خواردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم بەدڵی خۆم دەژیم!( عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠: ٤٧-٤٨)**

شار یەکێکە لەو ژینگە تاقەتپڕوکێنانەی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە بەدەستیەوە هیلاکە، تا گەورەتر بێت زیاتر دەبێ بە زیندانێکی گەورە، "شار ئۆبژێکتێکی زاڵە و لە خۆیدا سۆبێکتی تواندۆتەوە، گەر تەماشای گوندە دوورەدەستەکان بکەی، زیاتر مرۆڤ هەست بە شکۆمەندی دەکات، گوندەکان ئۆبژێکتێکی ڕسکاو بوون بۆ پیشاندانی سۆبێکتی جوتیار و گوندییەکان" (ئیستۆپ،٢٠٢٠: ٣١) لە ژینگەی سروشتیی گوند و لادێکاندا، درەخت و گوڵ و تەنانەت ئاژەڵە کێوی و ماڵییەکانیش لە خزمەتی مرۆڤدا بوون، مرۆڤ لەناو سروشتدا هەست بە ئازادی دەکات "بەڵام شار بەرهەمی مۆدێرنێتەیە، مۆدێرێتەیش بە واتای کۆتوبەندی مرۆڤەکان و بە یاسا و ڕێساکردنی شێواز و ژیاری کۆمەڵگا"یە. (صالحی زادە، ١٣٨٢: ١٢) لەگەڵ ئەوەشدا شار بەو هەموو شەقام و باڵەخانە و ئۆتۆمبێل و قەرە باڵغییە برستیان لە مرۆڤی ڕەها بڕییوە و مرۆڤیان تەوقداوە:

**شتێک کەمە، لە ناو هەموو شتەکاندا/ لەشوقەیەکدا، هەموو ئەوانەی بەدەورمەوەن پرۆفیشناڵ دەڵێی بۆ من درووست کراون / خزمەتێکم دەکەن، کەس نەیکردبێ، کەچی هێشتا ڕازی نیم دڵم لێدەدا بۆ پارکێک، ناو دارستانێک...(عەبدوڵڵا،٢٠٢٠: ٤٧)**

شووقە وەک بەرهەمی تەلارسازیی دنیای مۆدێرن، شاعیر وەک منداڵی گوند و سروشت، کە هەمیشە جۆرێک لە نۆستالژیای لەگەڵ باخچە و خانووی قوڕدا هەیە، و ئەم دوالیزمەیە جۆرێک لە دڵەڕاوکێی شیعری دەخوڵقێنێت، ئەگەرچی شاعیر لە دۆخی کەرەنتینە و لە ناو شووقەیەکیشدا دەتوانێت بحەوێتەوە و ژیان بەڕێکات، بەڵام هەرگیز حەوانەوە یەکسان نییە بە ژیان، واتە هیچ

کاتێک شووقە یەکسان نییە بەوماڵەی لە نائاگایی شاعیردا ئامادەیە و کاڵ نابێتەوە، لێرەدا ماڵ یەکسانە بە ئازادی، لە کاتێکدا ژیان لە شووقەیەکدا فۆڕمێکی دیکەی دەستبەسەربوونەیە و ناونراوە "ماڵ" لێرەوەیە جارێکی دیکە ماڵ دەبێتەوە سەرچاوەی نائارامی و دڵەڕاوکێی شاعیر.

نەجووڵان بە مانا ڕەسەنەکەی، درزێک دەخاتە بیرکردنەوەی شیعریی شاعیر، بۆیە هەمیشە لە نائاگایی شاعیردا، شتێک کەمە، شتێک بزرە، ئەمە ئەو بۆشاییەیە، ئەو درزە شیعرییەیە کە بەرئەنجامی نەمانی ئازادی و نەجووڵانەوە لەنێوان نائاگایی شاعیر و شوێندا دەکەوێتەوە. جوڵە و شوێن هاوکات دەتوانن کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ و بەرهەمەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەبێت، کاریگەرییان بەسەر چیەتی دەق و پێکهاتەکانی داهێنانەوە هەبێت:

**دەچمەوە ماڵەکەم: لەسەر پشت ڕادەکشێم،**

**خەو کارمامزێکە دەستەمۆم نابێ/ بیر لەو قەرەجانە دەکەمەوە کە ماڵێک شک نابەن**

**لەو مناڵانەی خەون بە بوونی کولانە سەگێکەوە دەبینن/ لەو ژنانەی بۆنی مێخەکبەندی کۆڵان و شەقامیان گرتووە/ لە قرووسکەی سەگەبۆری خاڵۆم/لە گمەی کوکوختییەک کە هێلانەکەی ڕماوە چەند قورسە شەو! / بۆ شکانی گۆرانییەکانتان /هۆ هاوجنسە بێماڵەکانی من..هاوجنسەکانی با-!( جەباری، ٢٠٢٠: ٣١٢-٣٠٩)**

کۆجێتۆ بەناوبانگەکەی ناو ڕۆژانی کەرەنتینە "لەپێناو سەلامەتیی خۆت و ئازیزانت لە ماڵەوە بمێنەوە" لە ئاستی ئاسۆییدا هەڵگری یەک مانا و دەلالەتیی زمانی بوو، پێشگرتن بوو بە هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لە ماڵەکەی، بە مەبەستی پێشگرتن بە ئەگەری زیاتری تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنایە، ئەگەرچی ئەم کۆجێتۆیە لە ئاستە دیار و ئاشکراکەیدا لەپێناو سەلامەتیی هاونیشتمانییان بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا، لە ئاستی ستوونی و نەبینراویدا جاڕدانی مەرگ و بەرهەمهێنانەوەی دڵەڕاوکێی مردنی ئەوانەبوو، کە ماڵێکیان نەبوو بۆی بگەڕێنەوە و تێیدا بمێننەوە، ئەمەش مەگەر تەنها شاعیر بە مانا هایدیگەرییەکە ماڵ وەک پنتی ئارامی پەی بەو تراژیدیایە بەرێت.

لێرەوە بێماڵی، بۆ ئەوانەی هیچ "ماڵ"ێکیان نییە تێیدا بمێننەوە، وەک سەرپەنایەکی دڵنیایی بۆی بگەڕێنەوە، وەک گەڕانەوەی (توولەسەگ بۆ کولانەکەی، چۆلەکە بۆ هێلانەکەی...هتد)، بەجێمانی ئەوانەیە لە ژیان، کە ماڵێک شکنابەن، دەکەونە دەرەوەی ماڵ، دەکەونە ناو جیهانەوە. جیهان لێرەدا یەکسان نییە بە ماڵ، جیهان یەکسانە بە دڵەڕاوکێی هەمیشەیی تا ساتی وێرانبوون: **لەماڵ دەمێنینەوە/ ئەوەی ماڵی نییە لە جیهان دەمێنێتەوە/ تا دەرمێ بەسەریدا** (عەبدوڵلا، ٢٠٢٠: ٢٠٨)

ئەم دۆخە (دۆخی بێماڵیی) لە ڕۆژانی کەرەنتینە و لێرەبوونی کۆرۆنا، دەبێتەوە دڵەڕاوکێ و نائارامی هەروەک لەو کۆپلە شیعرەدا هاتووە:

**بیر لەو قەرەجانە دەکەمەوە کە ماڵێک شک نابەن/ لەو منالانەی خەون بە بوونی کولانە سەگێکەوە دەبینن /لەو ژنانەی بۆنی مێخەکبەندی کۆلان و شەقامیان گرتووە**

**لە قرووسکەی سەگەبۆری خالۆم/ لە گمەی کوکوختییەک کە هێلانەکەی ڕماوە. (جەباری، ٢٠٢٠: ٢٨٣)**

یەکێک لە بنەماکانی بەگەردوونیبوونی دەنگی شاعیر، بریتییە لە خۆدەربازکردن و دەرچوون لە جوغزی تەسکی لۆکاڵیدا، ئەم لۆکاڵییەتە هەندێجار جوگرافیا دەگرێتەوە، هەندێجار خودی شاعیر وەک پەرینەوە و تێپەڕاندنی (دازاین) بۆ (مرۆڤی باڵا)، وەک زات و ئەنگێزەکانی شاعیرێک، کە هەمیشە خۆی لە (دازاین) بە مانای هایدیگەرییەکە جوێ دەکاتەوە، هەستکردن بە ئازاری ئەوانی تر، بەرهەمی ئەو ئاگاییەی شاعیرە وەک بەرزەمرۆڤ، بە بڕوای تۆلستۆی (مرۆڤ هوشیاریدا بۆ خۆی دەژی)، (سوبحی،٢٠٠٢: ٢٥)، بەڵام هەمیشە لە نائاگاییدا ئەوانی دیکەش ئامادەن. (هایدیگەر) لە یەکێک لە گوزارشتەکانی لە بارەی شیعرەوە دەڵێت: بەبێ شاعیر و شیعرە مەزنەکانیان، ئێمە دەبووینە درندە، بێگومان ئەم تێڕوانینەی (هایدیگەر) گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی زمانی شیعر لە بەرانبەر ژیاندا" (ئازاد، ٢٠١٢: ١١٤) پرسی نیگەرانی بۆ بوونی ئەوانی تر، پەیوەندیدارە بە بوونی ڕەسەنەوە، ئەوەی کە (هایدیگەر) وەک بەرزەمرۆڤ پێناسەی کردووە، ئەو بوونەی هەمیشە لە ئاست ئایندەی ئەوانی تر لە دڵەڕاوکێدا دەژیت، ئامادەگی هەبوونی ئەوانی

تره لە نائاگایی بوونی ڕەسەن، ئەگەر لە کەسێکی ئاساییدا، بە ڕێژەیەکی مامناوەند وەڕاستبگەڕێ، لەلای شاعیران کێرڤی ئەم ڕاستییە گەلێک هەڵکشاوترە، چونکە "مرۆڤ دەرکەوتەی ئایدۆلۆژیی کەسایەتی خۆیەتی" (هەمان سەرچاوە: ل٢٥)

هەمان دڵەڕاوکێی بێماڵی، لە ئاستێکی جودا، بەنسبەت (ئەوانی تر)، ئەوانی بێماڵ، لەلای (ڕەمەزان ئەحمەد میرزا)یش لە دیوانەکەی (هەولێر لە سەردەمی کۆڕۆنادا)، خۆی دەنوێنێتەوە:

**جاران دوای نوێژی نیوەڕۆ**

**ڕێزیان دەبەست بێکەس و ماڵ**

**بە ژەمێکی تێرو تەسەل**

**دەردەچوون لە مزگەوت خۆشحاڵ (میرزا، ٢٠٢١: ٢٣)**

یەکێک لە تایبەتمەندییە کلتووری و ئایینییەکەی شاری (هەولێر)، کە لەناو خەڵکەوە پەڕیوەتەوە ناو مزگەوت و خانەقاکان، بریتییە لە پێدانی خواردن بە خەڵکی غەریبە و هەژار و لێقەوماوان، بەمەش جارێکی تر، سووژەی (مزگەوت، تەکییە و خانەقاکان) لە ناوەندی دینییەوە، دەگۆڕێن بۆ داڵدە و سەرپەنا و ماڵی غەریبان. وەختێک کۆڕۆنا دێت و یاساکانی کەرەنتینە جێبەجێدەکرێن و دەرگای مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان بە ڕووی ڕێبواران و بێپەنایان کڵۆم دەدرێن، لێرەوە جارێکی تر، حیسی بێماڵیی بە کێرڤێکی باڵاوە بە ڕووی ئەوانەدا سەرهەڵدەداتەوە کە چیتر ماڵێکیان نییە بۆی بگەڕێنەوە و سەرپەنایەک شک نابەن، شاعیر لەڕێی شیعریەتەوە خەریکی خولقاندنەوەی دڵەڕاوکێی "بێماڵەکان"ە، بەو پێیەی شاعیر، خودان دەروونێکی هەستیارترە، دەرهەق بەوانی تر پتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. ئەمە لەلایەک وەک ڕەهەندێکی باڵابوونی شاعیرە، لەلایەک وەک پێداویستی بۆ پرۆسەی خولقاندن، شاعیر کەڵک لە ئازار و برین و چیرۆکەکانی ئەوانی تر وەردەگرێت، "دەربارەی نووسینەوەی ئازاری ئەوانی تر... دۆلۆز پێیوابوو؛ هونەرمەند ناتوانێ بە ژیانێکی ماندوو، یان ژیانێکی شەخسی دابینبێت، مرۆڤ تەنیا بە ئەزموونەکانی خود، بە یادگارییەکان، بە دەردەکانی خۆی نانووسێت، لە کردەی نووسیندا، نووسەر هەوڵدەدات ژیان لە شتێکی تر بسازێنێت، کە سنووری ژیانی شەخسی تێپەڕێنێت" (عەلی،

٢٠٢٢، ٩) "بێکەس و بێپەنا و بێماڵ و برسیان و نەداران" ئەوانەن کە (ڕەمەزان) بۆیان دەگەڕێنتەوە، هەمانشت لەلای (سۆما) دەبینرێت؛ بیرکردنەوە لە ئیماژەکانی (قەرەج، ژن و مناڵ، کوکوختی و قرووسکەی سەگ،)، پاسادانی ئەو ڕاستییە دەکەن کە ئەم خاتوونە شاعیرەی کورد (سۆما بەرزنجی) لە شیعرەکەی لە بارەی کۆڕۆنا، گەردوونیانە بیر لە شیعر دەکاتەوە و، لەڕێی نائاگاییەوە شیعریەتی گەردوون دەگوازێتەوە ناو دەقەکانی:

**چەند قورسە شەو/ بۆ شکانی گۆرانییەکانتان**

**هۆ هاوجنسە بێماڵەکانی من..هاوجنسەکانی – با-!** (جەباری، ٢٠٢٠: ٣٠٩)

ماڵ بەتەنها ڕەهەندێکی ماتریالی نییە، (باشلار) پێیوایە کە "ماڵ گۆشە و کونجمانە لەو گەردوونەدا، ئەوێ گەردوونی یەکەمینمانە، ماڵ زیندەخەون و خەونبینینەکانمان دەپارێزێ، واش لە مرۆڤ دەکا بە ئارامی خەون ببینێ. ماڵ هەم جەستەیە هەم ڕۆح، یەکەم جیهانی ئێمەیە کاتێ هەڵدەدرێینە ئەم جیهانەوە، یەکەم شوێن ماڵە دەمانگرێتە خۆی" (غاستون، ٢٠٠٦: ٣٨)، مۆرۆن هەمیشە جەخت لەسەر زمانی هونەریی دەق دەکاتەوە، زمانی مێ، لە دۆخی ئاوارتەشدا، بەراورد بە زمانی نێرینە هەمیشە نەرمتر دەکەوێتەوە، لەوێوە ڕەهەندەکانی خود، بە ڕووی جیهانێکی بەرینتر و گشتگیرتردا ڕەها دەکات، بۆ گوزارشتکردن لەو خودیەتە، (سۆما)، شیعر دەکاتە دەلیلێک بۆ وێناکردنەوەی ئازارەکانی ژنان و کچانی ناو هەناوی کۆمەڵگەیەکی (هێشتا نێرسالار) و نیشاندانی مێینەیی و ئازارەکانی مێ، بە دونیای دەرەوەی خۆی، ئازاری ئەو کچ و ژنانەی بێماڵی دەیانکرۆژێت، ئەو ژنانەی لە ناو شەڵتەرەکان داڵدەدراون، ئەو ژنانەی دنیای بەسام و بێدەنگیی شەوان دەیانسووتێنێت و ماڵێک شک نابەن، (هاوجنسەبێماڵەکانی من)، کە بێگومان ئەمەش لەڕێگەی زمانەوە بەئاکامدەگات.

**دڵم تەنگە بۆ پیاسەیەکی گوێزە/ بۆ ئەحمەدئاوا، پێش باران**

**بۆ زەڵم و تاڤگەکانی بیرەوەریم/ کانێسکان و خەیاڵەکانی مێردمناڵیم**

**من لەم ژوورەدا دەخنکێم/ ئەم پەنجەرانە نەفەسبڕن..(جەباری، ٢٠٢٠: ٣١٢)**

ئێمە دەزانین ئەدەبی ڕۆمانسیزم بەرهەمی ناو سروشتە. لە پەیوەندیش لەگەڵ (ڕۆچوون و قووڵبوونەوەدا) بە گشتی بیرکردنەوە بەرهەمی ناو سروشت و ژینگەی خاوێن و خواکردن، کەمتر بە بوونی شار و قەرەباڵغییەوە وابەستەن" هایدیگەر بەو ناوچە شاخاوییە زۆر سەرسام بوو، کە دارستانی چڕ و دار و درەختی زۆر جوانی تێدابوو، لە کەشێکی ئاوادا بلیمەتیی فەلسەفی ئەو تەقییەوە. ئەو کەشە دڵڕفێنە بە ئەندازەیەک کاری لێ کردبوو کە بڵێت، ئەوەی فیکر و فەلسەفە و شیعر دەنووسێت ئەو نییە، بەڵکو ئەوە چیا و دیمەنە سروشتییە دڵڕفێنەکانن لە ڕێی ئەوەوە دەینووسن... ئەمە وای کرد تێکستە مەزنەکانی دەربارەی: میتافیزیک، کانت، هیگڵ، هۆڵدەرلین و ڕێلکە بنووسێت" (ئیبراهیم، ٢٠١٨: ٣١-٣٦)، بەلای(سۆما)وە، دنیای مۆدێرن (دنیای دابڕاو لە سروشت، دنیایەکە نامۆ بە ئەوی شاعیر، دنیای تەنراوە بە تراوما و دڵەڕاوکێوە، بۆیە هەستی نۆستالژیا دایدەگرێت و لە نائاگاییەوە ڕۆژانێک دێنێتەوە ناو ئێستای خۆیی و بەردەنگ، ڕۆژانێک کە ژیان تێیدا مانایەکی دیکەی هەبوو، (نائارامیی ئەحمەداوا و کانێسکان و گۆیژە)، نائارامییان گواستۆتەوە بۆ ناو ژوورەکەی ئەمیش و  تا ئەندازەییەک کە هەست بە تەنگە نەفەسی دەکات تێیدا، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت: ماڵ وەک سەرچاوەی ئارامی، پەیوەستە بە ئارامیی دەرەوەی ماڵ، لەگەڵ جیهاندا لەپەیوەندیدایە" تەنانەت چۆلەکەش بە متمانە بە شوێنی دروستبوونیەوە هێلانە دروستدەکات و، ئەگەر ئەم متمانەیەی بە جیهان نەبێ، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی کەم لەوێدا بحەوێتەوە" (هەمان سەرچاوە: ٣٧).

کۆرۆنا دڵەڕاوکێی خستە هەموو شوێن و  قوژبنێکی ئەم جیهانەوە، وای لێهات تەنانەت ماڵەکان، کە شوێنی ژیان و حەوانەوەمان بوون، چۆن دەگۆڕێن بە خانوو و دار و پەردووی ئەبستراکت و وەک زیندان وێنایان بکەین و دڵمان لە قەفەسی سینگمانەوە، بە ئاواتی ئازادبوون بەرەو دنیای بەرینی دەرەوە لێبدات، پەنجەرەکان کە سوێگەی ڕوانین و دەلاقەی ئارامی و هەناسەی پاکب بوون، ببنەوە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و بەرهەمهێنانەوەی تەنگە نەفەسی.

**ئەنجام:**

- شیعرە بژاردەکانی کۆرۆنا پتر دەچنە خانەی تۆماری مێژوویی، نەک مەزراندنی ڕەهەندە ئێستاتیکییەکانی دەق. شیعرەکان لە ئاستی گواستنەوەی واقیعەوە نەپەڕیونەتەوە بۆ ئاستی خولقاندن، ئەگەرچی ڕەهەندی دڵەڕاوکێیان گرتۆتەخۆ، بەڵام زیاتر لەسەر حیسابی شیعریەت و زمانی هونەریی دەقەکەیە.

- تێکستە شیعرییەکان گوزارشتێکن یان گفتوگۆیەکن بۆ ڕەوینەوەی مەرگدۆستی و میکانیزمی بەرگریی دەروونی، کەمتر لە ئاستی بەرەمزکردن و گوتاری دەروونیدان.

-زمان لە کۆنتێکستی بەشێکی ئەو دەقە دەستەبژێرانەدا، تەواو جودایە لە قۆناغەکانی پێش خۆی، زمانێکی تراژیدییە، بە کۆمەڵێک کۆد و ڕایەڵی زمانیی سادە چنراون. هەموویان گوزارشتن لە دۆخی  ئاوارتە، دۆخی تەنگژە و هەژەندەی دەروونیی بەسام، بۆیە بەر زۆرترین کۆدەکانی (ترس، تەنیایی، دڵەڕاوکێ، خودخەساری، مردن و لەدەستدانی ئەوانی تر...هتد) دەکەوین.

- شوێن لە نێوان شار و سروشت و ماڵدا جیاوازییان هەیە، بەهۆی شوێنەوە سروشت لەباری کۆرۆناشدا هەر شوێنی هۆگرە و ماڵیش کە سەرچاوەی دڵنەواییە بەهۆی دڵەڕاوکێوە جارێکی دیکە دەبێتەوە شوێنێکی نائارام و سەرچاوەی دڵەڕاوکێ.

- مرۆڤ لەناو دڵەڕاوکێی کۆرۆنادا وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی وەسفکراوە، بەو دابڕانەوە ئاستی دڵەڕاوکێ و مەرگدۆستییەکەی بەرەو بەرزبوون دەڕوات، بۆیە لەناو ئەو دابڕانەدا مرۆڤ بەرەو هیواخواستێنێکی نۆستالژیانە دەڕوات و بیری ڕابردووی دەکات.

## پەراوێزەکان

[1]. مۆرۆن (١٨٩٩-١٩٦٦)، توانی پراکتیزەی تێڕوانینە دەروونشیکارییەکانی فرۆید و قوتابییەکانی بکات لەسەر دەقی ئەدەبی، ئەمەش بەو مانایەیە کە یەکەم سەرچاوەی شیکاری دەروونی وەک زانستێک لە بواری نەخۆشییە دەروونی و دەمارییەکاندا لەسەر دەستی (فرۆید) سەریهەڵداوە، پاشان پەڕیوەتەوە نێو سنووری ڕەخنە، کە بە ئامراز و ڕێکار و دەستکەوتە زانستییەکانی لەسەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەری و کلتوورییەکان کاردەکات، دیارە کە (چارلز مۆرۆن) ئیلهامی لە بناغەی تیۆری (فرۆید) وەرگرتووە، " بەڵام ئەو - کە دەروونشیکار نییە، "هەر بۆیەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەو لە پیاوێکی ئەدەبی زیاتر هیچی تر نییە کە سنووری خۆی بردۆتەوە سەر توێژینەوەی جوانیناسی، هەر ئەمەش وای لێکرد لە پرۆژە ڕەخنەییەکەیدا سەرنجی لەسەر پەیوەندیی نائاگایی لەگەڵ کۆد و شیفرەکانی زمانی هونەریی دەق چڕکاتەوە. بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێک کە بریتییە لە

کەسایەتیی نائاگایی نووسەر، هاوکات کارکردنی مۆرۆن گەڕانە بەدوای یەکگرتنەوەی هزرەکان (بیرۆکەکان)ی نائاگایی لەژێر ڕۆنانەکانی خوازراوی تێکستی ئەدەبیدا" (Charles MAURON, 1964 :10).

[٢]. دۆزینەوەی ئەفسانەی کەسێتیی شاعیر، یەکێک لە ئامانجەکانی تیۆرییە ڕەخنەییەکەی مۆرۆنە، ئەم پرۆسەیە کاتێک بەئەنجامدەگات، وەختێک (وەرگر-ڕەخنەکار) کۆی کارکردنەکەی، خوێندنەوە و کارکردن و هەڵکۆڵینە لەناو زمان و وێنە و تۆڕە مێتافۆرییەکانی کۆبەرهەمی نووسەرێک، ئینجا دەتوانێ کەسێتی ئەفسانەیی نووسەر دیاربیکات (لەم توێژینەوەیەی ئێمە، بەو پێیەی چەندان شاعیری جودا و هەر شاعیرێک تەنها شیعرێک یان دوو نموونەی شیعری لێوەرگیراوە، واتە ئیشکردن نییە لەناو کۆبەرهەمی تاقە دەنگێک، بۆیە دۆزینەوەی ئەفسانەی کەسی بۆ هەردەنگێکی شیعریی ناو توێژینەوەکە کارێکە لێرەدا مەیسەر نابێت، بێ گەڕانەوە بۆ کۆی پرۆژەی نووسین و بەرهەمەکلنی پێشووتریان، بەمەش ناتوانین ئەفسانەی کەسی دیار دیاربکەین. )، سەرەتای ئەم شێوازە، وەک ئەوەی مۆرۆن خۆی باسی کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨، کاتێک سەرنجی دا بوونی تۆڕێک لە مێتافۆڕی یەکبەدوای یەکداهاتوو، بە شێوەی تەموومژ، یان کۆد و سیمبوڵ لە کۆمەڵێک دەقی مالارمێدا"هاتوون. دواتر لە ساڵی ١٩٥٤دا هەوڵیدا، سەبارەت بە کارەکانی لەسەر ڕاسین، گریمانەی ئەفسانەی کەسی بخاتەڕوو (Charles MAURON,1963: 54)

٣. بۆ ئەم هێڵکارییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: (زهران، ٢٠٠٥: ٤٨٥)، (عويسي، ٢٠١٨: ٢٢)، (رضوان، ٢٠٠٢: ٢٢)، (الحويله، ٢٠١٠: ٣١)، (عبدالخالق، ١٩٩٨: ٣١-٣٣).

## لیستی سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی

### ١- کتێب


- ئەرستۆ (٢٠١١)، هونەری شیعر، و/عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
- ئەریستۆ(٢٠٠٩) شیعر، وەرگێڕانی: محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەحمەد، سەمەد(٢٠٠٣)، لەناو بازنەی دەقدا،( دەزگای چاپی نییە) سلێمانی.
- ئەحمەد، لەنجە (٢٠٢٠) کۆڤید١٩، داستان بەرزان و چەند نووسەرێکی تر، لە چاپکراوەکانی دەزگای میدیایی ژیان، سلێمانی.
- ئیبراهیم زەکەریا (د)، (٢٠١٨)، مارتن هایدیگەر لە نێوان (فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی)و (فەلسەفەی وجودی)دا. و/ شوان ئەحمەد. چاپخانەی حەمدی.
- بریسلێر، چارلز (٢٠٠٧)، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و/ عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

- بۆكانی (د)، سابیر (٢٠٢٠) ئینسکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- جەباری، جەمال (٢٠٢٠) خستنی دەمامکەکان، چاپخانەی هەڤاڵی هونەریی، هەولێر.

- خەیات، ئاری عوسمان (٢٠١١)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایانی کوشت)ی خوسرەو جاف و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی عەبدولخالق ڕکابی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین.

- ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز (٢٠١٢)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر

- سەعید ،جەلال ئەنوەر (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- عەلی، بەختیار (٢٠١٥) یادەوەریی و زەمەن، چاپخانەی تاران- تاران.

- عەلی، بەکر (٢٠٢٢) شیعربینیی جیهان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمان

- عەلی، بەختیار (٢٠٢٢)، مندالەکانی ساتۆرن، ناوەندی ڕەهەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .سلێمانی.

- عەبدوڵڵا، پەروین (٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا( کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.سلێمانی

- عەبدوڵڵا، دڵشاد(٢٠٢٠)، کات زۆرە بەڵام چی لەکات بکەم؟. چاپخانەی گوتاری، سەقز.

- عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب (٢٠٠٤)، خەیاڵی زمان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

- قتوس، بسام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و/ د.محەمەد تاتانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- قادر ، خانزاد عەلی(.٢٠١٢)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی.هەولێر

- قەرەچەتانی (د) کەریم شەریف (٢٠١٠)، نەخۆشیی و گرفتە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان. سلێمانی.

- کامۆ، ئەلبێر (٢٠١٥)، تاعوون. وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

- محەمەد، ئەنوەر قادر(٢٠١٨)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ئەندێشە. سلێمانی.

- حوسێن ،محەمەد تەها (٢٠١٩)، سایکۆلۆژیای خۆشەویستی، ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

- مودەڕڕیس، مەلاعەبدولکەریم(١٣٨٩) دیوانی مەحوی. چاپی شەشەم. انتشارات کردستان.

- ماوندێر(د) و کامیرۆن، لیزلی و لۆرنا (٢٠٢٠٣)، دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی، و: دیاری سابیر، شەهێن، ئەحمەد، سارا نەوزاد، دەزگای چاپ و پەخشی ڕەهەند. سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی ڕەهەند.

- مەعرووف (د)، کمال (٢٠١٢) تیۆرەنوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.

- میرزا، ڕەمەزان ئەحمەد(٢٠٢١) هەولێر لەسەردەمی کۆڕۆنادا.(شوێنی چاپی نییە)،هەولێر.

**٢- گۆڤارەکان:**

- عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب (٢٠٠٧) گۆڤاری کاروان ستراتیژیەتی دەق، ژمارە (٢١٩).

- گەرمیانی، د.عادل (٢٠١٣) ڕامان، ئەشکەنجەی ناخ لە نێوان (ئەو)ی باڵادەست و زەبوونیی (من)دا، ژمارە(١٨٨)

**٣- نامەی ئەکادیمی:**

- نەبی، محەمەد(٢٠٢١)، بوون لەدیوانی گەڕانەوەی زەردەشت- ی ئەحمەدی مەلا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

- سەعدی، قادر سەرکەوت (٢٠٠٦) نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا. نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

- عوسمان، ساکار دڵشاد(٢٠٢٢).نامەی ماستەر. ز.سەلاحەدین بنیاتی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی(ماردین ئیبراهیم) دا

- مەولوود، ڕێزان ساڵح (٢٠٠٧)، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردیی لەکرمانجی خواروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

**٤- ماڵپەڕ:**

- عەلی، بەختیار(٢٠٢١)، ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، ئامادەکردنی ماڵپەڕی ژنەفتن، پەڕاوی ژمارە یەک.

- کاکەسوور، کاروان عومەر(٢٠٢١) ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، ئامادەکردنی ماڵپەڕی ژنەفتن، پەڕاوی ژمارە یەک.

– پڕۆژەی ماڵپەڕی ڕێکخراوی ئازادبوون و تواناسازیی تاکگەرایی(٢٠٢١) www.azadbun.com

– عومەر، ڕزگار ، پەتا؛ تیئۆر و شوناس، (٢٠٢٠)[www.dengekan.com](http://www.dengekan.com)

**بە زمانی عەرەبی:**

**١- كتب:**

– الحويله, امثال (٢٠١٠). القلق والاسترخاء العضلي. القاهرة: ايتراك للطباعة والنشر والتوزيع.

– خوري، إلياس (٢٠٢٠)، الأدب في زمن الوباء، مجلة الدراسات الفلسطينية، صيف ٢٠٢٠،

– الخماش، سلوى و بدران ابراهيم ، (١٩٧٩) دراسات فى العقلية العربية–الخرافة،ط٢،.مطبعة دار الحقيقة-بيروت.

– الخير, عبدالكريم (٢٠٠٢). التمريض النفسي. عمان: دار وائل للطباعة والنشر.

– الدباغ، د.فخرى.(١٩٨٣) اصول الطب النفسانى، بيروت. لبنان

– رضوان, سامر (٢٠٠٧). الصحة النفسية. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

– زهران، حامد (٢٠٠٥). الصحة النفسية والعلاج النفسي. القاهرة: عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة.

– سليمانو، د. ابو (٢٠٢١)، ازمة اخلاقية فى الشعر العربى، جامعة مرو جمهورية الكاميرون

– صالح, علي (٢٠١٤). المعجم العربي لتحديد المصطلحات النفسية . عمان: دارالحامد للنشر والتوزيع.

– ظاظا، رضوان (١٩٩٧) مجموعة من كتاب، مدخلالى مناهج النقد الادبى. عالم المعريفة للثقافة والفنون والادب. كويت.

– عكاشة, احمد (٢٠١٩). الطب النفسي المعاصر (الإصدار الطبعة السابعة عشر). مصر: مكتبة الانجلو المصرية.

– عبدالله, مجدي (٢٠٠٠). علم النفس المرضي دراسة في الشخصية بين السواء والاضطراب. السويس: دار المعرفة الجامعية.

– العزة, سعيد (٢٠٠٤). تمريض الصحة النفسية. عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع

- غاستون، باشلار(٢٠٠٦) جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر.بيروت.

- كربوسة، فـــــلة و فايزة زيتوني و الزهرة قيسى، (٢٠٢١)، ادب الجوائح رواية ربيع كورونا لاحمد الهادي رشراش دراسة سيميائية، لماجستير، االجمهورية الجزائرية الشعبية الديمقراطية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، ٢٠٢١-،٢٠٢٢ .

- ياحي د. زليخة،(٢٠٢٢)، أدب الأوبئة بين رصد الواقع واستشراف الوقائع مقاربة في رواية: الطاعون القرمزي لجاك لندن، مجلة التواصل، العدد الخاص .

**٢- مجلة:**

- إبراهيم, عبدالستار (٢٠١٥)، القاموس الموسوعي في العلوم النفسية والسلوكية (المجلد المجلد الاول)، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

- إبراهيم ،د. فهد سعد البكر (٢٠٢٢)، السرديات الوبائية فى زمن جائحة (كۆرونا كەفيد ١٩، عدد خاص، المجلد ٧ ، العدد(٢) ٢٠٢٢، مجلة العلوم الشرعية واللغة العربية.

- سالم، السيد محمد (٢٠٢٠)أدب األوبئة في الراث النقدي و البلاغي - دراسة في شعر علي الدرويش ونقوال االسطمبولي، 2020.اجمللة العربية مـــداد، المجلد الرابع - العدد ١١ أكتوبر ٢٠٢٠م.

- **٣- رسالة الأكاديمية:**

- تونسي, عديلة (٢٠٠٢). القلق والإكتئاب لدى عينة من المطلقات وغير المطلقات في مدينة مكة المكرمة. مكة المكرمة: كلية التربية قسم علم النفس جامعة ام القرا-مكة المكرمة (رسالة ماجستير غير منشورة).

- عمامرة, سميرة (٢٠١٧). التدين وعلاقته بقلق الموت لدى المرضى المزمنين. ١٥. الجزائر: كلية العلوم الاجتماعية قسم علم النفس جامعة الجزائر٢ (اطروحة دكتوراه غير منشورة).

- كريمة, الساسي (٢٠١٠). الاكتئاب والقلق لدى عينة من المتأخرات عن سن الزواج. بوزريعة: كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية قسم علم النفس وعلوم التربية والأرطفونيا جامعة الجزائر (رسالة ماجستير غير منشورة).

- مريم, بن (٢٠١٨). أثر الصلابة النفسية على قلق الموت لدى المصابات بالسرطان. كلية العلوم الانسانية والاجتماعية قسم العلوم الاجتماعية شعبة علم النفس جامعة عبدالحميد بن باديس-مستغانم (رسالة ماجستير غير منشورة).

**بەزمانی ئینگلیزی**

-MAURON, Charles ,(١٩٦٤)Psychocriticism of the comic genre, José Corti, Paris.

-MAURON,Charles(1961), From haunting metaphors to personal myths, op. quoted

**بەزمانی فارسی:**

- بليغى، مرضيه و آرزو عبدى (١٣٩٢)، **رويكردى روانكاوانه به بحران هويت در داستانهاى فراواقعى** مورد مطالعه: اورلا اثر گى دو موپاسان». پژوهش ادبيات معاصر جهان.

- شاملو(1377) مكتب ها و نظريه ها در روان شناسى شخصيت، چاپ ششم.تهران.نشر رشد.

-صالحى زاده، عبداهادى(1382) در امدى براى تحليل گفتمان ميشيل فوكو. چاپ اول.تهران

-كاشانى، على شريعت(١٣٩٧) روان كاوى ادبيات و هنر، از فرويد تا ژاک دريدا، چاپ دوم.نشر چشمه.تهران.

**الملخص**

كل نص أدبي فيه ميزة نفسية قليلا كانت هذه الميزة أو كثيرا، ولكن هناك نصوص تحمل الخصائص النفسية بشكل أكثر بسبب الموضوع والأحداث الجارية فيه ، وظهور تأثير القلق من أحد الأبعاد النفسية في النص، والقلق في إطار الكاتب والقارئ والنص من أحد المصطلحات الرئيسة في البعد النفسي للنص، وخاصة في وباء كورونا له خاصية نفسية في إطار أدبيات الوباء.وقد أحدث وباء كورونا والأدبيات كموضوع آني تغييرات كثيرة في ماهية الأدب ومصطلحات الأستاتيكا، ولذا جاء عنوان البحث: (تأثير قلق كوردنا في الشعر الكوردي)، ويهدف إلى إظهار العلاقات بين الحدث والوباء، ويظهر مستوى القلق في كيفية المراجعة النفسية لدى الشاعر عن طريق رمزية اللغة الشعرية.

**الكلمات المفتاحية:** الحدث، كورونا، القلق، البعد النفسي، الوحدة، الخوف، الموت، الذات، واللاوعي.